کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشرەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم    ژمارە 213    نیوەی‌ئەوەڵی خەزەڵوەری 1384    نوامبری 2005


# گیان و ئەمنیەتی نوێنەرانمان لە مەترسی دایە

کرێکاران، خەڵکی ئازادیخواز!

ئیتحادیە کرێکاری‌یەکانی جیهان!

وێڕای سلاو بۆ ئێوە!

ئێمە کرێکارانی مانگرتووی نەساجی کوردستان لە شاری سنە کە 42 رۆژ بە سەرمانگرتنەکەمان دا تێپەڕ دەبێ بەڵام هێشتا داواکاری‌یەکانمان نەهاتۆتەدی، 2مانگ و 12 رۆژە هیچ حەقدەستێکمان وەرنەگرتوە. نوێنەرانمان گەلێك جاران لە لایەن هێزە ئەمنییەتیەکانی دەوڵەتیەوە، هەڕەشەیان لێکراوە، گیراون و ئەشکەنجە کراون. دوێنێ چوارشەممە 11 ی خەزلۆور یەکێك لە نۆینەرانی ئێمە بە ناوی فەرشید بێهێشتی زاد بۆ چەندەمین جار بازداشت و پاش چەند سەعاتێك بە جەستەی خۆیناوی‌یەوە بۆ کارخانە گەڕاوەتەوە. فەرشید رۆژی 9ی خەزەڵوەر دەگیرێ و رۆژی 10ی خەزەڵوەر ئازاد کرا. بەڵام رۆژی 11ی خەزەڵوەر سەر لە نوێ گیرایەوە و بردیانە ژێر ئەشکەنجە. نوێنەرانی ئێمە بەردەوام هەڕەشەیان لێ دەکرێ. دوایین نموونەی ئەم دەستدرێژی‌یانە، فەرشید بێهێشتی زاد بوو. ئێمە نیگەرانی قوڵی خۆمان بە ئێوە رادەگەیەنین و خوازیاری ئەوەیین کە بەپەلە لە دژی دەسەڵاتداران هەنگاو هەڵبگرن. دەوڵەت لێپرسراوی گیانی نوێنەرانمانە.

ل 2

# مانگرتنی یەکگرتوانەی کرێکارانی کارخانەی نەساجی کوردستان درێژەی هەیە

بە پێی دوایین هەواڵەکان لە شاری سنەوە کۆبونەوەی سێهەمی گشتی کرێکارانی کارخانەی رستن و چنینی کوردستان رۆژی پێنج شەممە 5ی خەزەڵوەر بە بەشداری 290 کەس لە کرێکاران بەڕێوە چوو. دوابەدوای دیاری کردنی هەیئەت رەئیسە، جێگری رئیس، مونشی و چاودێران قسە و باسی کوبونەوەی سێهەمی گشتی لە سەر چۆنیەتی درێژەدان بە مانگرتن دەستی پێ کرد. ئاکامەکانی کۆبونەوەی گشتی سێهەمی کرێکارانی کارخانەی نەساجی کوردستان بەم شێوەیە خوارەوە بوو: کرێکاران لە سەر درێژەدان بە مانگرتن وەکوو ماڤ رەوای خۆیان و تەنیا ئامرازێك بۆ ... ل 3



## کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئەزمەیەکەوە بۆ ئەزمەیکی تر و سیاسەتێك کە دەورانی بە سەر چووە

قسەکانی ئەحمەدی نەژاد لە کۆنفڕانسێکی دەسکردی کۆماری ئیسلامی دا لە تاران ، لە پەیوەند لە گەڵ داوای نابودی دەوڵەتی ئیسرائیل دا، بوو بە دەسپێکی زەختێکی نوێی نێودەوڵەتی بۆ سەر رژیم و لە کاتێك دا کە دەوڵەوتی ئەحمەدی نەژاد هێشتا نەیتوانیبوو خۆی لە گێژاوی ئەزمەی پێشوو لە سەر پەروەندەی وزەی ئەتۆمی دەرباز کات، بردە ناو ئەزمەیەکی دیکەوە. سیاسەتی ئامریکا و ئورووپای بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران لە یەك نزیك کردەوە و دەست و باڵی رژیمی لە مانوڕ دانی سیاسی و دیپلۆماتیك لە سیاسەتی دەرەوەی دا زیاتر بەست. ئەو ئەزمەیە رەنگ دانەوەی ناوخۆییشی بۆ رژیم هەبوو و دەنگی رەخنە و گازندەی نەیارانی ئەحمەدی نەژادی لە دەرروونی بازنەی کۆماری ئیسلامی دا و لە نێو ئەوانەی وا بە زەبری رێکخراوی سوپای پاسداران لە کورسیەکانی دەسەڵاتی ئیجرایی و یاسا دانان تۆزێك دوور خرابونەوە، بەرز کردەوە.

ئایا ئەحمەدی نەژاد و ناوەندی سیاسی بەڕێوەبەری سوپای پاسداران کە ئەویان هێنایە سەر کار بە هەڵکەوت توشی ئەو ئەزمەیە هاتوون؟ ئایا بێ سەرەوبەرەیی لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی تازە دا ئەزمەی وزەی ئەتومی لێ قووڵتر کردنەوە؟ ئایا قسەکانی ئەحمەدی نەژاد لە کۆنفڕانسی" دونیای بە بێ سەهیۆنیزم" دا لە تاران تەنیا دوپات کردنەوەیەکی ئاسایی هەڵوێستێکی کۆنی جمهوری ئیسلامی یە و هیچی تر ؟ ئایا باوەڕ و ئایدۆلۆژی وئوسولگەرایی وەکوو بنەمایەکی فیکری و پرنسیپەکانی حکومەتێکی ئیسلامی بەم ئاراستەیە دا دەیان بات؟

بێ گومان وەلامی هەموو ئەم پرسیارانە مەنفییە!. بە پێچەوانە خولقاندنی ئەو ئەزمەیە، چ لە وتووێژەکانی پەیوەندی دار بە کیشەی وزەی ئەتۆمی دا و چ لە سوخەنڕانیەکەی ئەحمەدی نەژاد لە کۆنفڕانسەکەی تاران دا، حەرەکەتێکی سیاسی ئاگاهانەیە کە بە مەبەستی دیاری کراو دارێژراوە. ئەو سیاسەتە لە تەمەنی رژیمی ئیسلامیش دا بێ پێشینە نییە و وەکوو ستراتیژیك لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیدا لە رابوردووەوە تا ئێستا چەند جار پەیڕەو کراوە. بناغە داڕێژەری ئەو سیاسەتەش بەر لە هەموان خومەینی بوو. خولقاندنی ئاگاهانەی ئەزمەیەکی دەرەکی بە مەبەستی وەرگرتنی ئیمتیاز لە مەیدانی دیپلۆماسی دا، یان بۆ بەدەست هێنانی بیانویەك بۆ دەمکوت کردنی نەیارانی ناوخۆیی و سەرکوت کردنی خەباتی جەماوەری، لە کۆماری ئیسلامی دا سیاسەتێکی ناسراوە کە نوسخە ئەسڵییەکەی لە لایەن خومەینیەوە تەجروبە کراو و ئەحمەدی نەژاد و مەکتەبی سیاسی سوپای پاسداران ئەمڕۆ کاریکاتۆرەکەی بەڕێوە دەبەن! داگیر کردنی باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران و فتوای کوشتنی سەلمان روشدی، دوو نمونەی ناسراوی ئەو سیاسەتە بوون ، تەنیا جیاوازیەکە لە وە دایە کە لە دەورەی پێشوو دا خومەینی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ستراتیژە هێزی خۆی بە دەرەجەی یەکەم لە


⇦

## کرێکارانی نانەواخانە، یان کۆیلەکانی کرێگرتە...

جەماوەری شەریفی ئێران، خەڵکی ئاگا و وەخەبەر هاتووی، شاری سەقز!

هەموسالێك شوڕای عالی کار هەنگاوێك دەنێ بۆ بردنە سەرێی لانی کەمی حەقدەستی کرێکاران. هەرچەند کە بردنە سەرەوەی ئەم حەقدەستانە، تەنانەت رادەی یەك لە سێی ئەو ئاوسانەش کە لە لایەن بانکی ناوەندییەوە رادەگەیەندرێت ناگرێتەوە. زیاد کردنی ئەم حەقدەستە کەمە دەبێت هەموسالێك هەر لە سەرەتای ساڵەوە لە هەمو ناوەندە کرێکاری‌یەکان دا بە کرێکاران بدرێت، بەڵام بەداخەوە .. ل 3

## یادێك لە 18 هەمین ساڵڕۆژی گیانبەخت کردنی هاوڕێ دوکتۆر "جەعفەری شەفیعی"



7ی خەزەڵوەری ئەمساڵ (1384) 18ساڵ بە سەر مەرگی نابەوەختی هاوڕێ دکتور جەعفەری شەفیعی تێپەر بوو. بەو بۆنەوە سەعات 2/5ی دوانیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی 7ی خەزەڵوەر لە سەر گلکۆی ئەم ئازیزە لە شاری سلێمانی کوردستانی عێراق مەراسمێکی رێز لێنان بە بەشداری چەند پەل لە هاوڕێیانی پێشمەرگەی کۆمەڵە بەڕێوە چوو.

دوای ئەوە کە هاوڕێیانی پێشمەرگە بە رەسمێکی تایبەتی لە سەر گڵکۆی هاوڕێ جەعفەر و کۆمەڵێکی تر لە هاوڕێیانی گیان بەخت کردوو کۆبونەوە مەراسمەکە بە سرودی ئەنترناسیۆناڵ دەستی پێکرد و دواتر بۆ رێز لێنان لە یادی ئەو ئازیزە و سەرجەم گیان بەخت کردوانی رێبازی سووری سوسیالیزم دەقیقەیەك بێدەنگی راگیرا، بی دەنگی‌یەکە بە سرودێك .... ل 2

## بەشی دووهەمی وتووێژی پێشڕەو لەگەڵ دوکتور شەهرزادی موجاب ماموستای زانکۆی تۆرتنۆی کانادا و هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی ژنان

ل 4

400 کرێکاری شەریکەی فەرشی ئەلبۆرزی بابۆلسەر و بنەماڵەکانیان سەرلەبەیانی رۆژی سێ شەممە 9ی خەزەڵوەر لە ناڕەزایەتی بە نەدرانی حەقدەست و مەزایای وەدواخراوی 8 مانگی خۆیان لە بەردەم ئیدارەی کاری ئەو شارە خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد و دەیانهەویست بەرەو فەرمانداری بابولسەر رێپێوان بکەن، بەڵام کەوتنە بەر هێرش و لێدانی هێزەکانی ئینتزامی رژیم وچەند کەسیان لێ بریندار بوون و بە ... ل 3



خۆپیشاندانی کرێکارانی شەریکەی فەرشی ئەلبۆرزی بابولسەر کەوتە بەر هێرشی هێزەکانی رژیم


* خۆپیشاندانی خەڵکی شاری مەهاباد لە دژی جینایەتەکانی رژیم ل 2

* راپۆرتی بەڕێوە چوونی ری ورەسمی رۆژی جیهانی دژایەتی لەگەڵ هەژاری و توندوتیژی لە دژی ژنان لە تاران ل 6

* راگەیاندنی ژمارە دووی کومیتەی پشتگیری لە مانگرتنی کرێکاران ل 6

* مانگرتنی هەشت رۆژەی کرێکارانی شەریکەی پارسیلۆنی خورەم ئاباد ل 7

* کۆمیتەی مانگرتوانی رستن و چنینی کوردستان ل 7

دەورەی دووهەم ژمارە 213 نیوەی ئەوەڵی خەزەڵوەری 1384 نوامبری 2005

پێشڕەو

تەوەهوماتی لایەنگران و پەیڕەوانی لە ئێران و لە دەرەوەی ئێران وەر دەگرت وهەوڵی ئەدا ئەوانی پێ بەسیج بکات، بەڵام ئەحمەدی نەژاد تەنیا دەتوانێ لە سەر پشتیوانی سوپای پاسداران وەکوو حیزبێکی سیاسی و چەکدار وەکو هێزێکی واقیعی حیساب بکات کە تەنیا بۆ سەرکوت کردنی خەباتی حەقخوازانەی جەماوەر لە ئێران تەیار کراوە. خامنەییش کە بە بەشی خۆی لایەنێکی ئەو سیاسەتەیە، لە چەنەوەرێکی بێ نفوز ئەولاتر نیە.


ئەحمەدی نەژاد و سیاسەت داڕێژەرانی پشتی پەردەی سپای پاسداران مەوقعیەتیان ئەمڕۆ گەلێك لەوە لاوازترە کە بتوانن لە لاسایی کردنەوەی ئەم سیاسەتە دا دەسکەوتێك بە دەست بێنن. ئەم سیاسەتە دەمێکە دەورەی تەواو بوە و جمهوری ئیسلامی چارەیەکی نیە جگە لە وەی کە سەرشۆڕانە پاشەکشەی لێ بکات . ئەوان بە پەیڕەو کردنی ئەم سیاسەتە لە حاڵێك دا کە کێشەکانی ناخۆیان قووڵتر دەبێتەوە ناشتوانن ئیمتیازێکی دەرەکی بەدەست بێنن.

لە لایەکەوە ئەمڕۆکە لایەنەکانی بەرانبەری رژێم،( ئەمریکا و ئێتیحادیەی ئوروپا و ئەوانی تر)، لەم کێشە دیپلوماتیکەدا خاڵە لاوازەکانی رژیمی ئیسلامیان لە ئێران باش ناسیوە و دەزانن کە دەتوانن سەربزێویەکانی جار و باری ئەم رژیمە کۆنترۆڵ کەن و تەنانەت هەر وەکوو چۆن لە ئەفغانستان و لە عێراق دیتمان و دەیبینین لە هاوکاریەکانی بە کردەوەشی بەهرەمەند بن. دەوڵەتی ئیسرائیل نەك هەر لە هەڕەشەکانی بێ ناوەرۆکی کۆماری ئیسلامی نەترساوە بەڵکوو زیرکانە لە دژی بزوتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی فەلەستین بە کاریان دێنێ. بە هەڵکەوت نەبوو ئەگەر وتەکەی ئەحمەدی نەژاد لە خودی فەلەستین هیچ پێشوازییەکی لێ نەکرا.

لە لایەکی ترەوە گومان لەوە دانیە کە ئەحمەدی نەژاد نە دەتوانێ بەڵێنیەکانی دەورەی تەبلیغاتی هەڵبژاردنی خۆی بە جێ بگەیەنێ و گۆڕانێك لە ژیانی ئابوری جەماوەری ژێر خەتی هەژاری لە ئێران دا پێك بینێ و بەو پێیە پێگەیەك بە دەست بێنێ، نە دەتوانێ لە رێگای سیاسەتەکانیەوە خاترجەمییەك بدات بە چینی سەرمایەداری ئێران تا پشتیوانییەکی گەرم و گوڕی لێ بکەن و نە خەبات و ناڕەزایەتی و ورەی جەماوەریش لە ئاستێك دایە کە دەوڵەتی تازە بتوانێ بە سەرکوت و بە زیندان وبە هەڕەشە بە سەری دا زاڵ بێ.

لە بەر ئەو هۆیانەی سەرەوەیە کە سیاسەتی دەرەوەی جمهوری ئیسلامی لەم کێشە تازەیە دا کە خوڵقاوە، سەردەمی تێپەڕ بوە و مەحکوم بە شکستە . رێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەیەکی نە زۆر دوور دا ناچار دەبن بە کردەوە لێی پاشگەز بنەوە.

# یادێك بەبۆنەی 18 هەمین ساڵرۆژی گیانبەخت کردنی هاوڕێ دوکتور "جەعفەری شەفیعی"



7ی خەزەڵوەری ئەمساڵ (1384) 18ساڵ بە سەر مەرگی نابەوەختی هاوڕێ دکتور جەعفەری شەفیعی تێپەر بوو. بەو بۆنەوە سەعات 2/5ی دوانیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی 7ی خەزەڵوەر لە سەر گڵکۆی ئەم ئازیزە لە شاری سلێمانی کوردستانی عێراق مەراسمێکی رێز لێنان بە بەشداری چەند پەل لە هاوڕێیانی پێشمەرگەی کۆمەڵە بەڕێوە چوو.

دوای ئەوە کە هاوڕێیانی پێشمەرگە بە رەسمێکی تایبەتی لە سەر گڵکۆی هاوڕێ جەعفەر و کۆمەڵێکی تر لە هاوڕێیانی گیان بەخت کردوو کۆبونەوە مەراسمەکە بە سرودی ئەنترناسیۆناڵ دەستی پێکرد و دواتر بۆ رێز لێنان لە یادی ئەو ئازیزە و سەرجەم گیان بەخت کردوانی رێبازی سووری سوسیالیزم دەقیقەیەك بێدەنگی راگیرا، بی دەنگی‌یەکە بە سرودێك شکا و پاشان هاوڕێ عوسمان رەمەزانی یەکێك لە کادر و تێکۆشەرانی لە مێژینەی ناو ریزەکانی کۆمەڵە لە یادی 18 ساڵەی گیان بەخت کردنی هاوڕێ جەعفەر وتارێکی پێشکەش کرد. لە درێژەی مەراسمەکە چەند شیعر و سرودی شۆڕشگێڕانە خوێندرایەوە.

خوێنەری ئازیز ئەوەی کە دەیخوێنیەوە دەقی وتاری هاوڕێ عوسمانی رەمەزانی‌یە.

ئەمڕۆ 7ی خەزڵوەری 1384 رێکەوتی 29ی ئۆکتۆبری 2005ی زاینی 18 هەمین ساڵرۆژی گیانبەخت کردنی هاوڕێ و رێبەری خۆشەویستمان، دوکتور جەعفەری شەفیعی‌یە.

ئەو رۆژە، بۆ ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بۆ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە وە بۆ کۆمەلانی بەرینی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان کە هیوای رزگاربوون لە ستەم و چەوسانەوەیان لەدڵدایە، وەبیرهێنەرەوەی خەسارێکی گەورەیە. چونکە لەدنیایەکی پڕ لە نابەربەری و مەینەت وهەژاری‌دا، لە دنیایەکدا کە پڕە لە نابەرابەری و بێ‌مافی و ئازار و هەڵاواردن، دوکتور جەعفەر، موژدەبەخشی ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی وتێکۆشەری نەسرەوتووی ئەو رێگایە، هیوایەکی گەورە بوو بەرەو دنیایەکی رووناك و پڕ لە بەختەوەری. دنیای وەدیهێنەری هەموو ئامانجە بەرزەکانی ئینسان، یانی دنیای سوسیالیزم و حکوومەتی کرێکاری.

رۆژگارێك کە:

دنیا چما ئاسمانێکی شینی مانگی گوڵان، تابلۆیەکی شکۆداری ئازادی بێ!

ئەمە، ئەو ئاوات و ئارەزوە هەرە پیرۆزە بوو کە رێبەرانی گەورەی وەك فوئادی مستەفا سوڵتانی، حەمە حوسێنی کەریمی، خانەی موعینی، جەعفەری شەفیعی و صدیقی کەمانگەر و سەدان کادر و تێکۆشەری تر بۆ وەدیهێنانی، کۆمەڵەیان کردە سەنگەر.

کەسانێك کە هەر لە یەکەمین هەنگاوەکانی خۆیاندا، رزگاری بێ‌بەشان و ژێردەستانیان کردە ئاسۆی خۆیان و نەك هەر لە سەنگەری شەڕی شۆڕشگێڕانەدا، بەڵکوو لە کار و ژیانی ئاسایی و رۆژانەشدا، لە کارگا و مەزرا، هاودەمی خەڵکی زەحمەتکێش بوون و هاوبەشی سفرەی بێ‌رەونەق و هەژارانەیان بوون. زەحمەتکێشانی کوردستان، ئێستا گەلێك جار بیرەوەری زیندووی ئەو رۆژانەیان دێتەوە یاد کە کاك فوئاد و دوکتۆر جەعفەر، داسی دروێنەیان لەگەڵ هەڵگرتوون و لە کارگاکان کاریان لەگەڵ کردوون. وەفاداری و عەشقی ئەم تێکۆشەرانە بەژیان و خەباتی چەوساوان و زۆرلێکراوان بوو کە ئەوانی کردە خۆشەویستی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێش.

هاوڕێ جەعفەر ساڵی 1951ی زایینی لە شاری بۆکان لەدایك بوو. خوێندنی سەرەتایی و دەبیرستانی هەر لەو شارە تەواو کرد. ساڵی 1970 چووە دانشکەدەی پزشکی لە زانکۆی تەورێز.

هاوڕێ جەعفەر زۆر زوو دەستی دایە تێکوشان لەنێو ریزی بزووتنەوەی خوێندکاران دا لەدژی خەفەقان و ئیستبدادی رژیمی شا. هەر لەم دەورەیەدا لەگەڵ ئەدەبیاتی مارکسیستی ئاشنا بوو. بزووتنەوەی خوێندکاران، یەکەمین مەیدانی خەباتی سیاسی هاوڕێ جەعفەر بوو. لە ماوەیەکی کورت دا بوە یەکێك لە تێکۆشەرانی هەڵسووڕاوی ئەو بزووتنەوەیە لە شاری تەورێز.

هاوڕێ جەعفەر هەر لەو ساڵانەدا لەگەڵ هاوڕێیانی تەشکیلاتی کۆمەڵە پەیوەندی گرت و هەروەها لە ماوەیەکی کورت دا گەلێك پەیوەندی نزیك و هاوڕێیانەی لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانی شاری تەورێز و شار و دێهاتی کوردستان، کە هاتوچۆی نەخۆشخانەکانی تەورێزیان دەکرد، پێکهێنا .

هاوڕێ جەعفەر لە دەورانی دانشجوویی‌دا لە تەورێز توانی لەنێو کرێکارانی کەفاش و قاڵی‌چن و کرێکارانی ماشێن سازی تەورێزدا گەلێك پەیوەندی سیاسی و خەباتکارانە پێك بێنی. لە ئەنجامی ئەم هەوڵ و تێکۆشانەدا بوو بە یەکێك لە رێبەرانی تێکۆشانی سیاسی – تەشکیلاتی کۆمەڵە لە نێو کرێکاران دا لە شارەکانی بۆکان و تەورێز.

ساڵی 1972، "ساواك" هاوڕێ جەعفەری گرت. دوای 6 مانگ لە زیندان لەژێر فشار و زەختی ئەشکەنجەش سەربەرزانە هەر وەك لێی چاوەڕوان دەکرا، هاتە دەر. هاوڕێ جەعفەر هیچکام لە نهێنی‌یەکانی کۆمەڵەی نەدرکاند و هەموو دۆستانی تێکۆشەر و هاوڕێیانی تەشکیلاتی خۆی پاراست. هەرکە لە زیندان هاتە دەر، ئەرکی خەباتکارانە و شۆڕشگێڕانەی خۆی درێژە پێدا. ئەمجار ئیتر نەك پزشکی، دەستی دایە کرێکاری. دەورانی کرێکاری بۆ هاوڕێ جەعفەر کە شۆڕشگێڕێکی خاوەن تەجرەبەی ریزەکانی کۆمەڵە بوو، خۆی دانشگایەکی‌تر بوو. هاوڕێ جەعفەر لەو ماوەیەدا توانی وەك کرێکارێك هەموو سەختی و دژواری‌یەکانی کاری قورس و تاقەت پڕوکێن، مەحرومییەت و بێ‌بەشی و بێ‌مافی و ژێردەستەبوون و چەوسانەوە بچێژێ. هاوڕێ جەعفەر لەو ماوەیەدا فێر ببوو هەموو شتێك بەچاوی کرێکارێك چاو لێ بکا و بە وتەیەکی‌تر،هاوڕێ جەعفەر لەم دەورەیەدا بەکردەوە کرێکارێکی سۆسیالیست بوو.

هاوڕێ جەعفەری شەفیعی ساڵی 1977ی زایینی (1356ی هەتاوی) بۆ مەئمورییەتێکی تەشکیلاتی چوو بۆلای یەکێتی نیشتمانی بۆ کوردستانی عێراق و بەناوی "دوکتۆر عەزیز" یارمەتی دەدان. لەو ماوەیەدا کە لە کوردستانی عێراق بوو، هەموو هێز و توانا و زانستی پزشکی خۆی لە خزمەت خەباتی پێشمەرگانەدا لە رۆژانی سەختی ئەو دەوریەدا بەکار هێنا. کاتێك خەباتی جەماوەری خەڵك لە دژی رژیمی شار پەرەی گرت، گەڕایەوە بۆ کوردستانی ئێران و وەك رێبەر و رێکخەری خەباتی جەماوەری دەوری شیاوی خۆی نواند. دوای هەڵگیرسانی موقاومەتی شۆڕشگێڕانە لە هاوینی ساڵی 1979 دا، هاوڕێ جەعفەر ئەرکی رێبەری‌کردن و رێکخستنی خەباتی جەماوەری خەڵکی بەباشی بەڕێوە برد.

لەو دەورەیەدا هاوڕێ جەعفەر لە هەموو مەیدانەکانی تێکۆشانی سیاسی و جەماوەری دا وەك رێبەرێکی لێهاتوو، خۆی نیشان دا ولە هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورددا کاتی وتوویژ لەگەڵ دوژمن، هاوڕێ جەعفەر وەك نوێنەرێکی جەسوور و بەرچاوروونی پارێزەری بەرژەوەند و مەسلەحەتی کرێکاران وزەحمەتکێشان، بەشداری کرد.

هاوڕێ جەعفەر لەساڵی 1979ی زایینی ( 1358ی هەتاوی) هەتا کۆتایی ژیانی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوو. هاوڕێ جەعفەر وەك کادرێکی پێشڕەو و کۆمۆنیست بەتەواوی لە پێویستی پێکهێنانی حیزبی سەراسەری چینی کرێکار ئاگادار بوو، وە خۆی بە هەموو تواناییەوە لە بنیاتنان و پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا بەشدار بوو. هاوڕێ جەعفەر ئەندامی کومیتەی بەرپاکردنی کۆنگرەی دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیست ویەکێك لە ئەندامانی ئەو کۆنگرەیە بوو، وە لە سەرەتای پێکهاتنی حیزبەوە هەتا کۆتایی ژیانی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش بوو. لە ساڵی 1981 (1360) بەم لاوە بەشی هەرەزۆری تێکۆشانی تەشکیلاتی هاوڕێ جەعفەر ئەرکی بەڕێوەبردنی گۆڤار و بڵاوکراوەکان، رادیۆ و باقی ئۆرگانە تەبلیغی‌یەکانی کۆمەڵەی لە ئەستۆ بوو.

لە کۆتایی دا و لە یادی 18 ساڵەی گیان بەخت کردنی هاوڕێ دکتور جەعفەری شەفیعی لە سەر گڵکۆی ئەو ئازیزە پەیمان تازە دەکەینەوە کە هەتا هەین رێبواری ئەم رێبازە سوور و ئینسانییە بین کە دکتور جەعفەر و هەزاران ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی چەوساوەکان لە رێگای دا گیانیان بەخت کرد.

پاشماوەی

# گیان و ئەمنیەتی نوێنەرانمان لە مەترسی دایە

ئێمە لە هەموو ئێوە ئینسانە ئازادیخوازەکان، لە هەموو هەڵسوراوانی کرێکاری و سەرجەم ئیتحادیە کرێکاری‌یە کانی جیهان داوادە کەین کە ئەم کردەوە دژی کرێکاری‌یەی کار بە دەستانی دەوڵەتی لە سنە ریسوا بکەن.

هەنگاوی کرێکارانی مانگرتوو لە پێناو دامەزراندنی سندووقی هاوپشتی لە مانگرتن، لەگەڵ هەڕەشەی توندی هێزەکانی ئینتزامی وکاربەدەستانی ئیتلاعاتی وئەمنییەتی رووبەروو بۆوە لەم ماوەیەدا زۆر جار نوینەرانمن بانگ کراون وبۆ ئێدارەی ئیلاعاتیان بردوون ولێکۆڵینەوەیان لێکردوون وهەرەشەیان لێکراون. بە درێژایی ماوەی مانگرتن ئەم کەسانە بە ناوەکانی "شیس امانی، حسن شریعتی، هادی زارعی، اقبال مرادی، احمد فاتحی و ابراهیم محمد پناە و ... گەلێك جاران لە لایەن کاربەدەستانی ئەمنییەتی و دەوڵەتی‌یەوە بانگ کراون و لێکۆڵینەوە و باز جوئی کراون.

کومیتەی مانگرتوانی نەساجی کوردستان بۆ جارێکی‌تر بە دونیا رادەگەیێنن کە نوێنەران و هەڵسووراوانی کرێکاری هیچ ئەمنیەتێکی گیانی و رۆحی و دەروونیان و هەموو رۆژێك لە لایەن بەرپرسانی ئەمنییەتی و ئیتلاعاتیەوە بە بیانووی جۆراوجۆر بانگ دەکرێن و تەنانەت هەرەشە لە هێندێکیان دەکرێ و دەکەونە ژێر ئەشکەنجەوە.

ئێمە داوا لەسەرجەم رێکخراوە کرێکاری‌یەشان وخەڵك و کرێکاران دەکەین کە پشتیوانی لە مانگرتنی رەوای کرێکارانی نەساجی و نوێنەرانمان بکەن. گیان و ژیانی هەڵسووراوانی کرێکاری و نوێنەرانمان لە مەترسی‌دایە.

گرتن، بازداشت، هەرەشە و ئەشکەنجەی نوێنەرانی کرێکارانی نەساجی دەبێ ریسوا و مەحکوم بکرێ.

کومیتەی مانگرتوانی نەساجی کوردستان

# خۆپیشاندانی خەڵکی شاری مەهاباد لە دژی جینایەتەکانی رژیم

رۆژی پێنج شەممە 12ی خەزەڵوەر خەڵکی خەباتکاری شاری مەهاباد بۆ جارێکی تر لە دژی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەستیان دایە ناڕەزایەتی و ئەم ناڕەزایەتیانە بووە هۆی تێك هەڵچوونی جەماوەری ناڕازی و هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم.سەر لە بەیانی ئەم رۆژە بە پێی رێ و رەسمێکی دێرین خەڵکی شاری مەهاباد چوونە سەر گۆڕی ئازیزانیان لە گۆڕستانی ئەم شارە. سەعات نزیکەی 9ی سەر لە بەیانی خەڵکی بەشدار لە گۆڕستانی مەهاباد چوونە سەر گڵکۆی لاوی گیانبەخت کردوو "شوانە سەید قادری". خەڵکی بەشدار لە سەر گۆڕی ناوبراو بە دانی دروشمی جۆراوجۆر خوازیاری ئازادیی "موستەفا رەسوڵ نیا" لاوی مەهابادی بوون کە دەوترێت لە لایەن دام و دەزگای قەزایی رژیمەوە بە تۆمەتی کوشتنی مەئمورێکی هێزی ئینتزامی رژیم لە ئاکامی راپەرینی جەماوەری مانگەکانی پوشپەڕ و گەلاوێژی شارەکانی کوردستان دا بە ئێعدام مەحکوم کراوە. دروشمەکانی خەڵکی ناڕازی شاری مەهاباد لە گەڵ دژ کردەوەی هێزە سەرکوت گەرەکانی رژیم بەرەو روو بۆوە و

پێشڕەو

دەورەی دووهەم ژمارە 213 نیوەی ئەوەڵی خەزەڵوەری 1384 نوامبری 2005

هێزەکانی ئینتزامی رژیم حازر لە گۆڕستانی مەهاباد خەڵکیان دایە بەر لێدان. دوا بە دوای لێدانی خەڵك لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی رژیمەوە، خۆپیشاندانی خەڵکی ناڕازی جگە لە مەیدانی ئیستقلال (شۆڕش) کێشرایە گەڕەکەکانی دیکەی شار لەوانە پشت تەپ و کانی سۆڤ رەشید و تا ئێوارەی ئەم رۆژە هەروا درێژەی بوو. هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم تەقەیان کردە سەر خەڵك و دەنگی دەست رێژی گوللە بە شێوەیەکی بەردەوام لە هەموو شوێنەکانی شار دەبیسرا، بەڵام هیچ هەواڵێك سەبارەت بە دەستگیر کران و یان بریندار بوونی کەسێك بە دەستی ئێمە نەگیشت. جێگای باسە کە ئێوارەی رۆژی سێ شەممە 3ی خەزلوەریش سەدان کەس لە خەڵکی شاری مەهاباد وێڕای بەڕێوە بردنی خۆپیشاندان سەبارەت بە دەرکردنی حوکمی ئیعدامی "مستەفا رەسوڵ نیا" ناڕەزایەتیان دەربڕی .خەڵکی ناڕازی وێڕای ئاگر کردنەوە لە مەیدانی ئیستقلال (شۆڕش) و شەقامەکانی دەوروبەر خوازیاری ئازادی مستەفا رەسوڵ نیا بوون. دوابەدوای ئەم خۆپیشاندانەش هێزەکانی رژیم هێرشیان کردە سەر خەڵکی ناڕازی و لە ئاکام دا 15 کەس لە خۆپیشاندەران دەستگیر کران و 2 کەسیش بریندرا بوون.

# مانگرتنی یەکگرتوانەی کرێکارانی کارخانەی نەساجی کوردستان درێژەی هەیە

بە پێی دوایین هەواڵەکان لە شاری سنەوە کرێکارانی نەساجی کوردستان لە درێژەی مانگرتنەکەیان دا رۆژی سێشەممە 10ی خەزەڵوەر کۆبونەوەی گشتی چوارەمی خۆیان بە بەشداری 310 کەس لە کرێکاران لە سالۆنی کۆبونەوەکانی کارخانە بەڕێوە برد.

کۆبونەوە بە شێوەیەکی رەسمی دەستی بە وتووێژ لە سەر چۆنیەتی درێژەدان بە مانگرتن و پێ ڕاگەیشتن بە داواکارەکانی کرێکاران کرد.

دوای قسە و باسەکان کۆبونەوەی گشتی ئەم خاڵانەی خوارەوەی پەسەند کرد:

1_ جەخت کردن لە سەر داواکاریەکانی کۆبونەوەی گشتی یەکەم لەوانە درێژەدان بە مانگرتن تا کاتێك تەواوی داواکاریەکانی کرێکاران جێ بە جێ بکرێت و حەقدەستی ماوەی مانگرتنیش بدرێت.

2_ دوای کۆتایی هاتن بە کۆبونەوەی گشتی چوارەم کرێکاران بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە شوێنی کارخانەوە تا بەردەم ئۆستانداری رێپێوان بکەن.

دوای کۆتایی هاتن بە کوبونەوەی چوارەم رێپێوانی کرێکاران لە بەردەم کارخانەوە بەرەو ئوستانداری دەستی پێکرد. سەعات 11:30 دەقیقە لە نزیکی کارخانەی شاهۆ هێزەکانی ئینتزامی، ئیتلاعات و بەرپرسانی سیاسی و ئەمنییەتیی ئوستانداری لە بەردەم حەرەکەتی کرێکاران کۆسپیان دروست کرد و دوای وتووێژ لە گەڵ کرێکاران داوایان لێ کردن کە بگەڕێنەوە بۆ کارخانە تا لە جەلەسەیەکی تایبەتی دا بە داواکاریەکانیان ڕابگەن.

دوا بە دوای بەڵێنی بەرپرسانی رژیم کرێکاران هەر لەم رێگایەدا گەڕاونەوە کارخانەی نەساجی کوردستان و چاوەڕوانی ئاکامی جەلەسەی تایبەتی بوون.

جەلەسەی تایبەت سەعات 1ی دوانیوەڕۆ لە بینای کارخانە و بە بەشداری جێگری سیاسی ئوستاندار، نوێنەری هێزەکانی ئینتزامی، سەرۆکی ئیدارەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، نوێنەری ئیتلاعات و نوێنەرانی کرێکاران بەڕێوە چوو.

لە کۆتایی ئەم جەلەسەیە دا نوێنەرانی کرێکاران سورەت جەلەسە و ئاکامەکەیان بە ئاگاداری کرێکاران گەیاند.

1_ خاوەنکار دەبێت ماڤی بیمەی ماوەی مانگرتنی کرێکاران بدات.

2_ خاوەنکار دەبێت پرۆسەی تەبەقە بەندی پیشەکان بە کردەوە دەربێنێت.

3_ چاوەدێری دەرمانی بۆ کرێکاران بە رێوە بچێت.

4_ پاشماوەی جیاوازی(مابەتەفاوەت) پرۆسەی تەبەقە بەندی پیشەکان دەبێ بە کرێکاران بدرێت.

5_بۆ دانی حەقدەستی ماوەی مانگرتن، کرێکاران دەبێت شکایەت بکەنە هەیئەتی حەلی ئیختلاف تا لەم بارەیەوە بڕیار بدرێت.

6_ کارخانە هاوکات لە گەڵ دانی حەقدەستی مانگی خەرمانانی کرێکاران دەست بە کار دەکات.

لە کۆتایی دا کرێکاران بڕیاریان دا کە رۆژی چوارشەممە 11ی خەزەڵوەر لە کارخانە ئامادە بن و لە سەر ئەم خاڵانەی سەرەوە و کۆتایی هێنان و یان درێژە دان بە مانگرتن بڕیار بدەن.

کۆبونەوەی گشتی پێنجەمی کرێکارانی کارخانەی نەساجی کوردستان رۆژی چوارشەممە 11ی خەزەڵوەر بە بەشداری 280 کەس لە کرێکاران بەڕێوە چوو.

کۆبونەوەی گشتی پێنجەم وێڕای دەست خۆشی و رێزگرتن لە هەوڵ و تێکۆشانی ماندویی نەناسانەی نوێنەرانی کرێکاران کە لە 40 رۆژی رابردوودا بە ئەوپەڕی دڵ ئاوەڵاییەوە و بوێرانە داخوازیەکانی رەوا و بەرحەقی کرێکارانیان بە بەرپرسانی ئوستان و خاوەنکاران نیشان دا ڕایگەیاند:

1_ بە هۆی ئەوەی کە خاوەنکار لە ئیمزای سورەت جەلەسەکە خۆی پاراست مانگرتن درێژەی دەبێت.

2_ کرێکاران وێڕای پێداگری لە سەر داخوازیەکانیان یەکگرتوویی خۆیان لە بەرانبەر پیلانەکانی خاوەنکار دەپارێزن.

3_ تا کاتێك کە خاوەنکار سورەت جەلەسەکە ئیمزا نەکات و دانی ماڤی کرێکاران تەزمین نەکات، مانگرتن هەروا درێژەی دەبێت.

بەم جۆرە کۆبونەوەی گشتی پێنجەمی کرێکارانی کارخانەی نەساجی کوردستان بۆ جارێکی تر ورە و ئیرادەی بەرزی کرێکارنی بۆ درێژە دان بەم خەباتە تا گەیشتن بە داخوازەکانیانی نیشان دا.

دوای کۆبونەوەی گشتی پێنجەمی کرێکاران و پێداگری ئەوان لە سەر درێژەی مانگرتن سەعات 12ی شەوی چوارشەممە 11ی خەزەڵوەر ژمارەیەك لە بەرپرسانی رژیم لە وانە سێپێهرجێگری ئوستانداری، نادر مەحەممەدی سەرۆك ئیدارەی رەوابت عومومی ئیدارەی کاروباری کۆمەڵایەتی و موهەندیسەکانی کارخانە بە ناوەکانی عەبدوڵا عەزیزی مودیری بەرهەم هێنان و شەهریار ئەنور مودیری موهەندیسی سەنعەتی و سەرپەرشتی هۆڵی کارخانەی نەساجی هاوڕێ لەگەڵ هێزەکانی ئینتزامی و ئیتلاعات چونەتە کارخانەی نەساجی و گوشاریان خستۆتە سەر کرێکاران تاوەکوو دەزگاکان بخەنە کار.

کرێکارانیش بێ ترس و دڵەراوکێ لە هەڕەشە و گوڕەشەی بەرپرسانی رژیم، وڵامیان داوەتەوە کە تاکو کەسێك سورەت جەلەسەی 10ی خەزڵوەر ئیمزانەکات و خاوەنکار سەبارەت بە داواکاریەکانی ئێمە تەزمین نەدات هەروا درێژە بە مانگرتنی خۆمان دەدەین.

وتووێژ لە نێوان بەرپرسانی رژیم و کرێکاران تا سەعات 2ی شەو هەروا درێژەی هەبوو و دوابەدوای ئەوەی کە زانیویانە ناتوانن مانگرتنی کرێکاران بشکێنن بەرپرسانی رژیم سەرشۆڕانە ئەم کارخانەیەیان جێ هێشتووە.

سەعات 9ی سەر لە بەیانی رۆژی پێنج شەممە دەوڵەت ئابادی بەرپرسی حەراستی هێزی ئینتزامی دەچێتە کارخانە و هەڕەشە لە کرێکاران دەکات، بەڵام کرێکاران هەڕەشەکانی ئەویش پوچەڵ دەکەنەوە و بە جەخت کردن لە سەر داواکاریەکانیان ناوبراو ناچار دەکەن کە کارخانە بە جێ بهێڵێت.

بە پێی دوایین هەواڵەکان سەرەڕای هەوڵی بێ ئاکامی دەست و پەیوەندەکانی رژیم و هەڕەشە و گوڕەشەی ئەوان بۆ کۆتایی هێنان بە مانگرتن، کرێکاران یەکگرتوانە لە سەر داواکاریەکانیان پێ دادەگرن و رایانگەیاندووە تا کاتێك خاوەنکار سورەت جەلەسەی رۆژی 10ی خەزەڵوەر ئیمزا نەکات و سەبارەت بە وەدیهێنانی داواکاری کرێکاران قەولی تەزمین نەدات مانگرتن هەروا درێژەی دەبێت.

تاکاتی گەیشتنی ئەم هەواڵە مانگرتنی کرێکاران پێی ناوەتە 43یەمین رۆژی خۆی.

***

## کرێکارانی نانەواخانە، یان کۆیلەکانی کرێگرتەی ئەو بەرپرسە ئوستانی وشارستانیانەی کە هیچ پەیوەندی‌یەکیان بەیاساکانی کرێکاری‌یەوە نییە؟

جەماوەری شەریفی ئێران، خەڵکی ئاگا و وەخەبەر هاتووی، شاری سەقز!

هەموساڵێك شوڕای عالی کار هەنگاوێك دەنێ بۆ بردنە سەرێی لانی کەمی حەقدەستی کرێکاران. هەرچەند کە بردنە سەرەوەی ئەم حەقدەستانە، تەنانەت رادەی یەك لە سێی ئەو ئاوسانەش کە لە لایەن بانکی ناوەندییەوە رادەگەیەندرێت ناگرێتەوە. زیاد کردنی ئەم حەقدەستە کەمە دەبێت هەموساڵێك هەر لە سەرەتای ساڵەوە لە هەمو ناوەندە کرێکاری‌یەکان دا بە کرێکاران بدرێت، بەڵام بەداخەوە کرێکارانی نانەواخانەکان تەنانەت قڕانێك لەم ئیزافە حەق دەستەیان، لە دوای تێپەر بونی شەش هەتا هەشت مانگ ئێستا وەر نەگرتووە. کاتێك کە نوێنەرەکانی کرێکارەکان داوای بەستنی قەراردادی بە کۆمەڵ و بەڕێوە بردنی بەخشنامەی شوڕای عالی کار دەکەن، بەرپرسەکان زۆر بە خێرایی دەبنە بە ناو لایەنگری خەڵك و رادەگەیەنن، "کە نابێ نان لە خەڵك گران بکرێ، چونکە خەڵك توانایی کڕینی نانیان نییە،" ئەمە لە حاڵێکدایە کە دەوڵەت بۆ خۆی لە شەشی مانگی دوهەمی 83دا، قیمەتی هەر تایەك ئاردی 50لە سەد بردە سەرەوە، بێ ئەوەی کە هەل و مەرجی خەڵکی فەقیر وهەژار لەبەرچاو بگرێ. لە لایەکی دیکەوە وەزنی ئەنگوتکەکانیان (چونە) کەم کردەوە، بە جۆرێك کە لە هەر تایەك ئارد 13کیڵۆنانی برژاو (وشك کراو)یان ئیزاڤ دێنا، بە بێ ئەوەی کە تەنانەت قڕانێك لەو ئیزافە فرۆشە بچێتە گیرفانی کرێکارەکانەوە.

بۆچی ئەوکاتەی کە بەرپرسەکان دەستوریان دا ئەنگوتکەکان (چونەکان) چکۆلە بکەنەوە خەڵکی فەقیر و هەژاریان لە بیر نەبوو؟ ئاغایانی بەرپرس، ئایا چکۆلە بونەوەی ئەنگوتکەکان چەوساندنەوەی بە ئاشکرای کرێکارەکانی نانەواخانە و دزی‌یەکی یاسایی لە گیرفانی خەڵکی فەقیر و هەژار نییە؟

ئەگەر پێشتر بۆ بنەماڵەیەکی 5کەسی تەنیا بایی 200 تمەن نان بەشی رۆژێکی دەکردن، ئێستا و بەدوای ئەم چکولە کردنەوەیەی نانەکان دا ئەو بنەماڵەیە دەبێ بایی 300تمەن نان بکڕن تا بەشی رۆژێکیان بکات!

کرێکارانی نانەواخانەکانی ئێران!:

بەرپرسەکانی دەوڵەت دەڵێن کە ئێمە کرێکارانی نانەواخانە وەك بەرد واین و چونە سەرەوەی چوارجاری نرخەکانی بازاڕ لە ساڵ دا، ئێمە لەخۆناگرێ. ئەوان پێیان وایە کە چونە سەرەوەی نرخی گوشت، مریشك، برنج، نان، جل وبەرگ، میوەکان، بەرهەمە شیرییەکان، دانە وێڵە، سەوزی،دوکتور و دەرمان، کرێ ماڵ، کرێ ماشێن، نرخی رۆژنامەو کتێب، مەدرەسە و ناوەندی منداڵان، دانشگا، خەرجی زەماوەندی کوڕوکچەکان، بەرق، ئاو، تەلەفون، گاز، نەوت، چوونە میوانی و میوان دارییەتی و تەنانەت هاتووچۆی خیابانەکان، کە شارەداری هەر رۆژە بە بیانویەکەوە پوڵ لە خەڵك دەستێنی، هیچ کاریگەری‌یەکی لە سەر ژیانی ئێمە نییە. بەڕاستی شتێکی سەیرە لە وڵاتێك دا کە رۆژ بە رۆژ ئاوسان دەچێتە سەرەوە، بەڵام حەقدەستەکانی ئێستا هیچ هاوسەنگییەکیان لەگەڵ ئەم گرانییەدا نییە، ژیانی خەڵك لە حاڵەتی ئاسایی دەهێنێتە دەرێ. کاتێك کە لە دوای تێپەر بوونی شەش مانگ لە ساڵ، 18 لە سەد بەحەقدەستی کرێکاران ئیزافە دەبێ، بەرپرسەکانی دەوڵەت راگەیاندن لە دوای راگەیاندن دەدەنە دەرێ، کە "بە لەر بەر چاوگرتنی چونە سەرەوەی حەق دەستی کرێکارەکانی نانەواخانە،نرخی چۆتە سەرێ"!

کرێکارانی زەحمەتکێشی نانەواخانەکانی شاری سەقز!

بەرپرسەکانی ئوستانی و شارستانی دەیانهەوێت خەڵك لە بەرابەر ئێمە کرێکارانی نانەواخانەکاندا رابگرێ. چونە سەرەوەی نرخی نانی رۆژانەی خەڵك بە حیسابی ئێمە دادەنێ. ئێمە نابێت لە ئاست ئەم راگەیاندنە بێدەنگ بین. هەر جۆر بێدەنگییەك لە ئاست ئاوا راگەیاندنێك دا، دەست درێژی‌یەکی بە ئاشکرا بۆ سەر بەرژەوەندی یەکانی ئێمە کرێکارانە. کاتێك ئەو بەرپرسانە چونە سەرەوەی خەرجەکانی کارگا، لەوانە بەرق، ئاو، تەلەفون و هەروەها خوێ و کرێی هێنان و راگواستن و نەوت و گاز و چونە سەرەوەی 50 لە سەد، نرخی ئارد و هیتر... لە بەرچاو ناگرن و تەنیا بە چونە سەرەوەی حەق دەستی کرێکارەکان ئاماژە دەکەن، بە کردەوە ئەوە دەسەلمێنن کە دیواری کورتتر لە دیواری ئێمە کرێکارانیان پێ شك نایەت!

من وەکو کرێکارێك، وێڕای پشتیوانی کردن لە راگەیاندنی ئەنجومەنی سنفی کرێکارانی نانەواخانەکان و مەحکوم کردنی راگەیاندنی بە ناو تەعزیراتی فەرمانداری، لە رێکەوتی 84/7/5 دا، داوا لە تەواوی کرێکاران دەکەم، کە بۆ کۆتایی هێنان بەم هەمو هەڵاواردن و سوکایەتی پێ کردنانە لە ناو ئەو تەشەکولانی کە راستە وخۆ بۆ خوتان پێکی دەهێنن کۆببنەوە.

هاوڕێیانی کرێکار!

بە پێی دواین رێککەوتنەکان لە ساڵی 81دا، لە نێوان ئەنجومەنی سنفی کرێکارانی نانەواخانەکان و ئیتحیادی‌یەی خاوەن کارەکان، تەواوی خاوەنکارەکان دەبێت هەموساڵێك لە سەرەتای نوێ بونەوەی ساڵ دا، بە پێی بڕیاری بەخشنامەکانی شوڕای عالی کار، حەق دەستی ئێوە کرێکارانیش بەرنە سەرەوە. ئێوە دەتوانن بە پێی ئەم رێککەوتنە، بۆ وەرگرتنی مافەکانی خۆتان هەوڵ بدەن...

جەماوەری شەریف و وشیاری سەقز:

چونە سەرەوەی نرخی نان هیچ پەیوەندی‌یەکی بە زیاد بونی حەقدەستی کرێکارەکانی نانەواخانەوە نەبووە ونیشە، بۆ نمونە سەرنج بدەنە چکۆلە بونەوەی ئەنگوتکەکان لە نیوەی دوهەمی ساڵی 83دا!

مەحمودی ساڵحی 84/7/24

## پاشماوەی خۆپیشاندانی کرێکارانی شەریکەی ئەلبۆرزی بابۆلسەر....

زەبروزەنگی هێزەکانی رژیم بڵاوەشیان پێ کرا .رۆژی دواتریش واتە چوارشەممە 10ی خەزەڵوەر تەواوی 400 کرێکاری شەریکەی فەرشی ئەلبۆرزی بابۆلسەر هاوڕێ لە گەڵ بنەماڵەکانیان بۆ جارێکی تر لە بەردەم مزگەوتی جامعەی بابۆلسەر دەستیان دایە خۆپشاندان، بەڵام ئەمجارەش هێزەکانی ئینتزامی رژیم بە زەبر و زەنگ و توند و تیژی کرێکارانیان ناچار کرد کە بچنە ناو مزگەوتی جامیعەوە. لە ئاکام دا و دوا بە دوای 2 رۆژ حەرەکەتی ناڕەزایەتی کرێکارانی شەریکەی فەرشی ئەلبورز و بنەماڵەکانیان ، سەعات 3ی دوانیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە 10ی خەزەڵوەر بەرپرسانی رژیم لە شوێنی خۆپیشاندانی کرێکاران ئامادە بوون و وادەی پێ ڕاگەیشتن بە داواکاریەکانیان بە کرێکاران دا.

دەورەی دووهەم ژمارە 213 نیوەی ئەوەڵی خەزەڵوەری 1384 نوامبری 2005

پێشڕەو

# بەشی دووهەمی وتووێژی پێشڕەو لەگەل دوکتور شەهرزادی موجاب

**پ: لێکدانەوەی خۆت لە ڕێکخراوە N.G.O کانی ژنان لە کوردستانی عێراق چیە بە سەرنج دان بەوەی کە لەم ماوەیەدا سەردانی هێندێکیانت کردوە و لە نزیکەوە دیتووتن؟**

و: ئەو لێکدانەوەیەی کە من دەیکەم دیسان هەر ئەو ڕەوشە جیهانیە نیشان دەدات وە ئەوە بە بڕوای من شتێکی تایبەتییە. من وای دەبینم کە گرفتی گەورەیان هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە لە سەر ئەساسی پرۆژەیەکی خسوسی، پرۆژە بە پرۆژە کار دەکەن یانی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ژنان دەبینن و ئەوە پێشکەش دەکەن بە N.G.O یەکی نوینەتەوەیی یا ئەوەی کە N.G.O یەکی کوردی و هەر لە کوردستان پرۆژەی بۆ دادەنێن. بونمونە دیانهەوەی ژنانی ئەنفال لە باری ئابوریۆوە یارمەتیان بدرێتێ ئەوە دەکەنە پرۆژەیەکی 2 مانگە و 3 مانگە دەیبەنە شوێنە جۆراوجۆرەکان، بۆوینە گەرمیانو ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانیە کە ژنانی ئەنفال دەژین. ئەوە دەبێتە پرۆژێەك بۆ ئەوان و ئەوان بەم جۆرە بەرنامە دادەنێن.

ئەوەش کەم کۆری تێیدایە لە بەر ئەوەی کە ناتوانێ بەرنامەی درێژ ماوەی کۆمەڵایەتی، سیاسی دابنێ. دەبێ هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ببینێ و کێشەیەکی رۆژ هەبێت تا ئەو جێ بە جێی بکات. وە لە ئاکام دا یەکێك لە کێشەکانیان ئەوەیە کە فۆندی مەحدودی هەیە و فۆندەکانیش لە سەر ئەساسی پرۆژە بە پرۆژە کاردەکەن. کێشەیەکی تر ئەوەیە کە لە ڕاپەڕینەوە تا ئێستا ئەگەر چاوی لێ بکەین نزیکەی 14 ساڵ دەگوزەرێ، کادرەکانی زۆربەی ڕێکخراوەکان یانی ڕێبەرانی ئەوان نەگۆڕاون، هێزی ،گەنج هێزی تازە کادری نوێ کە لە نەزەر دیدی سیاسی و فمینیستی پەروەردە بۆ بێت لە ڕێبەری ئەو ڕێکخراوانە دانابیندریت و ڕابەریەکەی هەر ڕابەریکی نە گۆڕ ماوەتەوەو وە ئەوە بۆ خۆی کێشەیە، هە بۆیە هوشیاری فمینیستی زۆر کەمە تەنانەت لە باشترین حاڵەت هوشیاری فمینستی لیبراڵییە و لەوە زیاتر نییە، زۆر کەم دەبینن ڕەنگە دەگمەن بێت من ناڵێم نییە بەڵام قاعدە وایە کە لە باشترین حاڵەت ڕوانگەیەکی لیبراڵی فمینیستی هەیە و ئەسڵەن ڕوانگەی فمینیستی تێیدا نییە. موشکیلێکی تر کەمن دەیبینم ئەوەیە کە هەموو ڕێکخراوەکان یەك شت دەکەن یانی کاری دووپاتەیان زۆرە وە ئەوە دەبێتە هۆی ڕقەبەرایەتی لە نێویان دا. ئەوە ڕێك پەیوەندی بازاڕییە، پەیوەندی بێزنێسە کە ڕەقابەتی تێدایە، دووپاتە کاری تێدایە وەکو ئەوە وایە کە تۆ کالایەکت هەبێت بتهەوێ بیبەی لە بازار بیفرۆشی بۆ ئەو کارەش هەر دەبێ ڕقەبەرایەتی بکەی تا بتوانی کالاکەی خۆت باشتر بفروشی. لە بەر ئەوە بۆوێنە 3 سەنتەر هەیە دروستە هەر کام بە تایبەتی بەرنامەی جیای خۆیان هەیە، بەڵام هەر کە هەن زۆر زەحمەت دەکێشن زۆر کار دەکەن بۆ ئەوەی کە بتوانن فوند وەربگرن کە پرۆژەیەکی پێ دابنێن بەڵام ئەگەر یەکگرن لەوانەیە بە قازانجیان بێت وە بتوانن خزمەتیکی زۆرتر بکەن لە جیاتی ئەوەی کە پرژوبلاو بن. هەروەها مەسەلەی ڕقەبەرایەتی بۆتە هۆی ئەوە کە بە شکڵی ڕقەبەرایەتی فەردی و شەخسیش بێت، مەسەلەن ئەوانەی کە بتوانن دەستیان بە دەرەوەی وڵات ڕابگات و باشتر خۆیان بناسێن لە ئاکام دا فوندی باشتر وەردەگرن. ئەوانەی کە بتوانن سەفەر بکەن بۆ کۆنفڕانسی دەرەوە و شتەکانی خۆیان لە دەرەوەی وڵات بڵاو بکەنەوە و تەبلیغ بکەن لەئاکام دا باشتر دەناسرێن وە ئەگەر لە دەرەوەی وڵات فۆند بدەن بەوانی دەدەن چونکە ڕێکخراوەکانی تر ناناسن ئاکام دا ئەو ڕقەبەرایەتی هەر عەینەن وەکوو ڕقەبەرایەتی کالایە کە ڕقەبەرایەتێکی بازاری دەرونی و بازاری خارجی هەیە. شتێکی تریش کە من هەستم پێکرد ئەوەیە کە برێك خود سانسوری تێدایە لەو کارانەی کە دەیکەن. ئەگەر مەسەلەن کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینن لە جیاتی ئەوەی کە لە ڕوانگەی فمینیستیەوە چاوی لێ بکەن و ڕەخنەی لێ بگرن، لە بەر مەسائلی سیاسی و مەسایلی سەر بە حیزب بوون چاو پۆشی لێدەکەن. بۆ وینە تەنیا تەوزیحی ئەوە دەدەن کە ئەوە سوننەتی ئێمەیە کلتوری ئێمەیە. ئەو خودسانسۆریە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوە کە ڕوانگەیەکی ریفورمیستیت هەبێ. ڕوانگەیەك کە ناتوانی مەسەلەی پیاوسالاری بێنیتە ئاراوە، ڕەخنەی لێ بگریت و لە دژی بیت. هەر لەو پەیوەندیەدا من پێم وایە کە زۆر زۆر کەم کاری دەکەن سەبارەت بەوەی کە ریشەی ئەو قسانەی کە دەیکەن سەبارەت بە دین و سونەت ئاییین و کلتورو.... زۆرباشی شێ ناکەنەوە. لەو بابەتەشدا من پێم وایە کە کەم کارییان کردوە تا ئێستا باسی باشیان نەکردوە یەعنی خەباتی باشیان لەو زەمینەیەدا نە کردوە. بە بڕوای من ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوەی کە زۆربەی ئەو مەسەلە دێموکراسی و مەدەنیەتەی کە هەیانە ئەوەیە کە هەر ئەو هەڵسورانی کۆمەڵایەتی‌یە بکەن تا هەڵسوورانی سیاسی ئەگەر بیانهەوێ هەڵسوورانی سیاسی یان هەبێ پێشیان پێ دەگرن نەك ئەوەی کە هەڕەشەیان لە سەر بێ بەڵکو ناتوانن فۆند وەربگرن یان ئەوە کە پشتیوانی دەوڵەتیان لە سەر نابێ وە ئەوە بۆ خۆی مەحدودیەتێکی هەیە وە چۆن بەرنامەی سیاسی درێژ ماوەیان نییە ئەو بەرنامە کۆمەڵایانە کە دایدەنێن لانی زۆر ئەوەیە کە بەردەوام خۆیان خەریکن، ورك شۆپ دادەنێن. یانی ئەو ووڕك شۆپانە کە بە نێوی ئەندامەکانی ڕێکخراوەکان دایدەنێن، زۆرتر لە سەر ئەوەیە کە پرۆژە چۆن بنوسن، پارە چۆن پەیدا بکەن،لێکدانەوەی بەرنامەکان چۆن بکەن، ڕاپۆرت چۆن بنوسن وە ئەو جۆرەکارانە دەکەن. ئەو شتانەی کە فێر دەبن زۆرتر



ئەوەیە، نەك مەهارەتی ئەوەی کە چۆن ژنان بەشدار بدەن لە سیاسەتەدا، چۆن بزووتنەوی ژنان دروست بکەی ئەوانە شارەزایی سیاسین وە ئەوانە نیانە. لە ئاکام چۆن بەرنامەی سیاسی درێژماوەیان نییە وە لە سەر ئەساسی هەر ئەوەی کە باسم کرد پرۆژە بە پرۆژە کاردەکەن ناتوانن بزوتنەوەی سەر بە خۆی دێموکراتیکی ژنانیان هەبێ وە هەروا بەشکڵی ڕێکخراوەکانی پرژۆبلاوو ماونەتەوە. من دو خاڵی تر باس بکەم پێش ئەوەی کە بگەڕێینەوە سەر خاڵەکانی تر، یەکێکیان ئەوەیە کە من هەستم بەوە کرد کە ژنانی عەرەب لە دنیای رۆژهەلاتی ناوەڕاست بابەت و دەسکەوتی زۆرباسیان بە زمانی عەرەبی هەیە کە زۆربەی ئەوانە دەبێ کەڵکیان لێ وەر بگیردرێ.بەڵام چۆن ڕوانگەی ناسیونالیستی‌یان هەیە لەوانە کەڵك وەرناگرن من پێم وایە ئەو کێشەیەکیگەورەیە بۆ وێنە من ڕێکخراوەیەکم نەدیوە کە وتاری ژنانی فەلەستینی بڵاوی کاتەوە. ئەوانە دەتوانن لەوە کەڵك وەربگرن. وە بە بڕوای من تەنانەت لە بزووتنەوەی ژنان یا دەسکەوتی ژنانی کورد لە تورکیە و ئێرانیش هێندی شت وەر گرن. زۆر شتی قەومی و ناسیونالیستی ماوە لە کارکردن و خەباتی ڕێکخراوەکانی ژنانی ئێرەدا. من پێم وایە نەبوونی ڕوانگەی ئەنترناسیونالیستی وە ئەوەی کە ئەو کارانەی کە دەیکەن ناسیونالیستی و دژ بە عەرەبە بۆتە هۆی ئەوە کە نەتوانن لەدەسکەوتی ژنانی عەرەب بەتایبەت ژنانی فەلەستینی شت فێر بن کەڵکیان لێ وەرگرن. شتێکی دیکەش کە من پێم وایە کاریان زۆر کەم لە سەر کردوە ئەوەیە کە پەیوەندی‌یان لەگەڵ هەڵسووراوانی ژنی کوردی دەرەوەی وڵات زۆر بەرتەسکە زۆرتر پەیوەندی فەردیە تا ئەوەی کە بۆ وێنە پەیوەندی تەشکیلاتی یا ڕێکخراوی بێت. بەڵام من پێم وایە ئەگەر کە پەیوەندی تایبەتیان هەبێ دەتوانن دەسکەوتی ژنانی کوردستانی عێراق بەرەو پێش بەرن. من ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی عێراق ئەو جۆرە پیناسە دەکەم.

**پ: داوای لیبووردن دەکەم پرسیارێکم لاگەڵاڵە بووە کە ئاوا مەترەحی دەکەم بەو تەوزیحاتەی کەدات ئەوە حاڵ و وەزعی ئەو ڕێکخراوانەی ژنانە کە N.G.O ن یان بە قەولی خۆیان دەڵێن سەر بە خۆن، ئەو ڕێکخراوانەش کە حیزبەکان بە شێوەیەکی فورماڵ پێکیان هێناون ناتوانن بەدەر لە سیاسەت و پرۆگرامی حیزبەکانی خۆیان کاربکەن. ئەی باشە کەسانێك کە لە دەرەوەی ئەو دوانە دەیانهەوێ کارێك بکەن بۆ ژنان، دەیانهەوێ کارێك بکەن بۆ ئەوەی ژنان بەمافەکانیان بگەن یانی لانی کەم ئەو زوڵم و چەوساندنەوەیەی کە لە سەریانە برێکی دابشکێنن، لەو مەقتەعە زەمانییەدا دەبێ چی بکەن بە بڕوای تۆ؟ بەشێکی تریشی پرسیارەکەم ئەوەیە دەتوانین بڵێین بە گشتی N.G.O کان کۆسپیکن لە سەر ڕێگای ژنان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان؟**

و: با لە بەشی دوهەمی پرسیارەکەت دەست پێ بکەم من پێم وانییە کە N.G.O کان کۆسپ بن بەڵام بزووتنەوەی ژنان مەحدود دەکەنەوە وە ئەویە کە دەبێ لە بواری خەباتی سیاسی، لە بواری هوشیاری ژنان لە بواری ڕوانگەی فمینستی دەبێ بیبەنە ئاستێکی سەرەوەتر و بیکەن بە بزووتنەوەی یەکگرتوو و تەشکیلاتی دیموکراتیك بو ژنان کە بە هەر ڕوانگەی فیکر و ئیدئولوژی و بیرو باوەڕی سیاسی، هەموو ژنان بتوانن لەودا بەشداری بکەن. سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەت کە ئەو ژنانەی کە بۆ خۆیان سەر بە خۆن نە سەر بە ئەحزابن بەڵام پێیان خۆشە بەشداری بکەن دەبێ چی بکەن، من پێم وایە لەو بوارەیەدا دەبێ کاربکەن. دەبێ لە سەر ئەوە کار بکەن کە مەسەلەی ژنان نە کرێ بەشکلی پرۆژە و تەنیا بە شێوەی کێشەی کۆمەڵایەتیببینەوە، لەماوەی ئەو 14ساڵە ئەگەر بمهەوێ دوای ئەو شتانەی کە دیتومە و خوێندومەتەوە، نەتیجەی لێ وەر بگرم ئەوەیە کە من پێم وانیە لە کوردستانی ئەمڕۆش ئاڵ وگۆڕێکی بنەڕەتی لە پەیوەندی نێوان ژن وپیاودا پێکهاتبێ، دوای 14 ساڵ خەبات و ئەو هەمووە ڕێکخراوە کە دایاناوە ئەو هەمووە خەباتەش کە کردویانە، من نامهەوێ بڵێم کە خەباتێکی هەر هیچ نەبووە، نا خەباتێکی یەکجار زۆریان کرد و جەسارەتی زۆریان هەبوو، ئەو ژنانەی کە لەو ڕێکخراوانە و بەو مەحدودیەتانەی کاریان کردوە بەڵام نەیادەتوانی وە تەنانەت لە پەیوەندی بەرابەری نیوان پیاو و ژن دەسکەوتێکی کاریگەریان هەبێ، ئەوە چۆنە؟ من بەپێ چی ئەو ئیدعایە دەکەم؟ لە پیی ئەوەیە کە ئەمڕو ئەگەر چاوی لێ بکەی دەستووری عێراق مەسەلەی دین و مەزهەبی تێدایە. ئێمە بۆ خۆمان دەزانین کە مەزهەب دژی ژنە هەر مەزهەبێك کە بێت، مەزهەبی ئیسلام بێت، مەسیحیەت بێت، یەهودیەت بێت هەموو مەزهەبەکان. مەزهەب بە ئیستلاح ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی‌یە کە پیاو سالارانەیە وە پیاوسالاری و ڕوانگە ئیدەئالیستی مەزهەبی مەترەح دەکات وە ناتوانێ حەق وحقوقێکی بەرابەر بۆ ژن و پیاو دابنێ. دوایی نەوە ئەگەر ئێمە بۆ وێنە ناوەرۆکی ئاموزشی خوێندکارەکانی کوردستان چاو لێ بکەین. ئەویش ژن وەکو ئینسانێکی سەربەخۆ، ئینسانێك کە حەق و حقوقی بەرابەری هەیە مەترەح ناکات، دیسان ژن یان دایکە یان ئەوەی کە دەبێ خزمەت بە خانەوادە بکات، ژن نابێ مەسئولی خانوادە بێ، ئەوەی کە ئیستقلالی سیاسی و ئیقتسادی و ڕەوابتی دیموکراتیکی حاکم بێ لە سیستمی ئاموزشی ئێرەدا نییە. ئەگەر ناوەرۆکی فەرهەنگی و هونەری چاو لێ بکەین، ئەتو مەسەلەن ئەو بەرنامەی تلویزیونەی کە لە کوردستان چاوی لێ دەکەیت زۆربەی موسیقا زۆربەی ویدیوکانی هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوەی کە ژن بە دوای هاوسەرەکەیدا بۆ پەیوەندێکی عاتفی دەگەڕێ وە ئەوەیە کە بە تەواوی وابەستە بەو فەرهەنگ و کلتورەیە. ئەو فەرهەنگ و کلتورە تەنانەت لە باری هونەریش دا ئاڵ وگۆڕێکی تێدا نابینن لە بەر ئەوەیە کە دەڵێم دەسکەوتی 14 ساڵی ڕێکخراوی ژنان زۆر کەمە، ئێمە لە چی دا دەبێ ببینین کاتێك لەوەدا نەیبینین؟ زمانی کوردی هێشتا زمانێکی دژ بە ژن ماوە فەرهەنگەکەی دژ بە ژن ماوە ناوەرۆکی ئاموزشیەکەی دژ بە ژن ماوە. لە بەرچی وایە؟

من پێم وایە لە بەر ئەوەیە کە ئەوانە بە زانیاری فمینیستی، هوشیاری فمینستی و زانیاری فمینیستیییەوە لەو بابەتەدا خەباتیان نەکردوە. من پێم وایە ئەو بۆچونە مەحدودە فمینیستی لیبرالییە کە لە باشترین حاڵەت دا ئێمە باسی دەکەین ئەوە مەحدود بە تویژی روناکبیری شاریە. لەم رووەوە ئەگەر مەسەلەن ئێمە چاوی بکەین لە یاسا و قەوانینی ناوچەی حکومەتی کوردستان، بەرنامەی تایبەتی بۆ ئەوەی کە چارەنوسی ژنانی ئەنفال ڕون بکەنەوە دانەنراوە یەعنی قانون نییە قانونی غەیرە مەزهەبی سکۆلاریان دانە ناوە. فەتوای مەزهەبییان داناوە بۆ ژنی ئەنفال. فەتوای مەزهەبی چی‌یە؟ ئەوەیە کە ژنی ئەنفال کە مێردەکەی نەماوە ئەوە دەبێ 2 ساڵ ڕاوەستێ 2 شاهیدیشی هەبێت تا تەکلیفی ڕون ببێتەوە کە ئەوە بیوەژنە تا بتوانێ حەق و حقوقی وەراسەت و میرات و منداڵ و ئەوانە بەدەست بێنی. ئەگەر 14 ساڵە ڕێکخراوی ژنان لەسەر ئەنفال کار دەکات بۆ دەبێ وەزعی ژنانی ئەنفال ئاوا بی؟ یا ئەوەی کە ماف خاوەنداریەتی ماف هەڵسۆرانی سیاسی، ماف تەڵاق، ماف هێزانەت، ماف منداڵداری بە بێ ئەو قانونە بۆچی تا ئێستا نەیتوانیەوە بیگۆڕن؟ شتێکی تر کە دەمهەوێ باسی بکەم ئەوەیە کە دەگەڕێتەوە سەر ئەو پرسیارەی کە کردت، ئەوەی کە بەشداری ژنان، دامەزراوەی ژنان لە کۆمەڵگادا بۆ خۆی بەمانای ئەوەیە کە وەزعی ژنان و پەیوەندی یەکسانی بتوانی ژن و پیاو دامەزرێنێ. بە بڕوای من ئەوە گرێنگە. ڕێکخراوەکان هەن وە دەسکەوتی باشیان هەیە بەڵام ئەوە تەنیا بەس نیە. شەرت و مەرجی ئەسڵی ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی ژنان بتوانن ڕوانگەیەکی فمینیستی دیموکراتیك و ڕادیکاڵیان هەبێت کە ئەوان نییانە. خاڵی سەرەکی باسەکانمان کە تا ئێستا کردومانە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە. وە ئەوەیە کە ئەوان نەیاندەتوانی پەیوەندی هێز ((هێز بە مانای جیاوازی چینایەتی بە مانای هێزی پیاو سالارانە وە هێزی هەر پەیوەندی‌یەکی سەرمایەداری کە دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی چینایەتی وە تەنانەت مەسەلەی ناسیۆنالیزمیش بۆ خۆی بەشیکی مەسەلەی هێزی تێدایە))، نەیاندەتوانی ئەوانە واردی تەواوی عەرسەکانی کاری خۆیان بکەن و ئەوە وەکوو پرۆژەیەکی سیاسی بێننە ئاراوە. لە بەر ئەوە ئێمە وەختێك کە بتوانین بیکەین و پەیوەندی هێز کە لە هەموو بوارەکانی پەیوەندی ئیجتماعی دابێ ، لە بنەماڵەدا دەتوانن مەترەح بکەن لە ئاستی کومەڵایەتی دەتوانن مەترەحی بکەن و لە ئاستی دەوڵەتیش دەتوانن مەترەحی بکەن لە ئاستی بازاریش لە پەیوەندی سەرمایەداریش مەترەحی بکەن. ئەگەر ئەوە بکەن یانی پیاو سالاری لەخانەوادەدا دەبینن لە کومەلگایدا دەبینن لە دەولەتیدا دەبینن و لە بازاریدا دەبینن وە چوون ئەوەیان نەکردوە یان بەومانایەیە کە ئەوان قەد نەیاندەتوانی خەباتێکی چالاك و باش و ئەوەی کە خەڵکەکەشی دەرکی بیکەن ئەوەی کە ژنەکانی هەموو کوردستان دەرکی بیکەن سەبارەت بە مەسئەلەی پیاو سالاری، سەرمایەداری،فئودالی، مەزهەبی، بیکەن.

من گەورەترین ڕەخنە کە هەمە لە ڕێکخراوەکانی ژنان ئەوەیە کە ئەو دەسکەوتەیان نەبوو وە لە ئاکام دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە لەگەڵ چ گیروگرفتێك روبەرون چون ئەو دەسکەوتە سیاسیەیان نەبوو.

**پ: بەڵێ شەهرزاد تەوەری باسەکەمان لە باسی بزوتنەوەی ژنان لە کوردستانی عیراقەوە دەگوزینەوە سەر بزوتنەوەی ژنان لە ئیران وەیەکەم پرسیاریشم کە هەروەك پیشوو وتم دەکرێ دەروازەی کومەلیك پرسیاری جۆراوجۆر بێت لەو پەیوەندیەدا ئاوا لەگەڵ تو دێنمە ئاراوە کە تۆ لیکدانەوەت لە بزوتنەوەی ژنان لە ئیران چی‌یە و خۆت بزوتنەوەی ژنان لە ئیران چۆن هەلدەسەنگێنی؟**

و: 27 ساڵ لە شۆرشی ئیران تێپەردەبێ وە بە باوەری من بزوتنەوەی ژنانی ئێران وە بەشداری ئەوان لە شۆرشە وە تا ئیستا ئەوەیەی کە وەك یەکیك لە گرینگ ترین هێزە کۆمەڵاتایەکان کە لە ئاست جمهوری ئیسلامی ڕاوەستاوە ژنان بوون، یەکیك لە گرینگ ترین هێزە کۆمەڵایەتی‌یەکان کە تا ئیستا 27 ساڵ خەباتی خۆی لە دژی جمهوری ئیسلامی درێژەی داوە ژنان بوون. ژنانی ئیران لە

⇦

بزوتنەوەی نێونەتەوەویی ژنان دا بەشدارن وە ئەوە بە بڕوای من دەسکەوتیکی زۆر پربایەخە. ئەگەر چاو لە خەباتی ژنانی ئیران بکەی دەبینی کە هەزاران ژن زیندانی سیاسی بوون بە هەزاران ژن کە ئەندامی رێکخراوە سیاسیە چەپەکان لە ئیران بوون گیانیان بەخت کردووە، بەو هۆیانەیە کە ئیمە دەبێ بزوتنەوەی ژنانی ئیران وەك دەسکەوتیکی زۆر گرینگ و پربایەخ چاولێ بکەین. بزوتنەوەی ژنانی ئیران بە تایبەت بزوتنەوەی ژنانی چەپ شکستیکی گەورەی لیی کەوتوە دوای ئەو 27 سال ئەو شکستەی کەخواردویەتی نەیتوانیوە جوبرانی بکاتەوە یانی بە شێوەی ئەوەی کە لە سەردەمی شۆرش دا چەند سەد هەزار ژن لە هەموو شوینی ئیران بەشدرایان دەکرد لەخەباتی سیاسی دا، ئەوە ئیتر دووبارە نەبوەوەو بەداخەوە ئەوە شکستیکی گەورەیە، ئەوەش چونە؟ لە سالی 1980 میلادیەوە گەشەی ئیسلامی سیاسی لە ئێران پروژەی ئیسلامی کردنی کۆمەڵگای ئیران لە ژنانە وە دەستی پیی کرد بۆ مەسئەلەی داسەپاندنی حجاب و بۆ مەسئەلەی گۆرینی پەیوەندی یانی جیاکردنی نەوەی ژن و پیاو لە ئیران و لە راستیدا بزوتنەوەی ئیسلامی کردن لە مەسەلەی ژنانەوە دەستی پیی کرد شتیکی دیکەش کە قەد نابێ لەبیرمان بچێت ئەوەیە کە ئەحزابی سیاسی چەپیش ئەحزابیکی پیاوسالارانە بوون ئەوە نەبوو کە ئەحزابی سیاسی چەپیش بۆ خۆیان هەموو بەرنامەیەکی دروستیان سەبارەت بە هەلس و کەوت لەگەڵ مەسئەلەی ژنان هەبوو. بەبڕوای من هەر ئەو باسانەی کە کردمان سەبارەت بە ژنانی کوردستانی عیراق سەبارەت بە ژنانی ئیرانیش هەر وایە و کاریگەری ژنانی نیونەتەوەشی تێیدا بوو لە بەر ئەوەیە کە ئەگەر چاوی لیی بکەین ژنانی ئیران دوای سەرکوتی جمهوری ئیسلامی و گەشەی ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی بوینادگەرانە لە ئیران ئەوانەش جوریکی تر خەباتی خۆیان لە ئیران بەرەو پیش برد تایبەتمەندی ئەوخەباتە چەند جورە، یەکیك ئەوە بوو کە ژنانیك کە لە دەرونی دەولەت فەعالیەتیان دەکرد بە ناوی هەڵسورانی بزوتنەوەی ژنانی دەوڵەتی یانی هەڵسوراوانی دەولەتی یانی ئەوەی کە بۆ وینە موشاوری وەزیر بوون یاسازمانی وەزارەتخانەی مەربوت بە ژنانیان داناوە، ئەوە بەشیك لە هەلسوراوانی ژنان لە چوار چیوەی دەولەتی دابوون یەکیکی تر ئەوەیە کە فەعالینی ژنان بوون کە لە چوارچیوەی ئیسلام فەعالیەتیان دەکرد یانی پیان وابو کە ئیسلام بەرابەری ژن و پیاو دەدا و فەعالیەتی خۆیان لە چوار چیوە ئیسلامیە دا درێژە پێ بدەن. ئەوانە زۆر باش لە دەرەوەی ولات و بە تایبەت ئاکادمیسیەنە ئیرانیەکان لە دەرەوەی وڵات فەعالیەتی ئەو ژنانەی تئوریزە کرد بە عنوانی فمینستی ئیسلامی، ئەوانە بو خۆیان نەیاندە کوت فمینیست.

**پ: ئەوە لە چ سالیکەوە سەری هەڵدا؟**

و: ئەوە دوای شۆرش لە نیوەراستەکانی دەیەی 60ی هەتاوی وە ئەوە خالیکی زۆر گرینگە لە نەزەری میژووی بزوتنەوەی ژنانی ئیران کە پیم وایە سەرەنجی کە می پێدراوە، کە ئەوانەی کە لە ئیران فەعالیەتیان دەکرد لە چوار چیوەی ئیسلامیەوە دەیانکوت کەئیسلام دەتوانی داخوازی بەرابەری ژن و پیاو بدات و دابینی بکات وە لەو بابەتە کاریان دەکرد. وە ئەوە ئاکادمیسیەنیکانی ئیرانی لە دەرەوەی ولات بوون کە بە نیوی فمینیستی ئیسلامی وە کاریان دەکرد. ئەوەش چون باو بوو؟ ئەگەر لە بیرت بێ باسمان کرد کە بزوتنەوەی ژنانیکی رادیکال بوو لە سالانی 60 و 70 دا کردیان بە بزوتنەوەی ژنانی قەومی، میلی، بومی لە بەر ئەوە فمینیستی ئیسلامی بەشی لەوە دابوو کە وەکو فمینیسم ژنانی بومی دەرەوەی ولات یان بۆ وێنە ژنانی رەش پێست یا بۆ وێنە ئەوەی کە ژنانیك خەباتیان دەکرد کە دینی مەسیحیەت ریفورم بکەن، ئەوەش نمونەی ئیسلامی ئەوە بوو دەیانکوت ئەوە زۆر جیاوازە، زۆر باشە ئەوە شتیکی تایبەتە کە لە ئیران دەرکەوتوە بزوتنەوەی فمینیستی ئیسلامی دروستی دەکەن. گروهیکی تر کە من پییان دەڵێم ئیسلاح تەلەب و ریفورمیست بوون، هەم ژنان مەزهەبی تییدا بوو هەم ژنانی غەیرە مەزهەبی. یەعنی هەم ژنانی ئیسلامی تێیدا بوو هەم ژنیك کە خۆی بە موسلمان دانە دەنا ئەوانە کە ریفورمیست و ئیسلاح تەلەب بوون مەبەستیان زۆرتر ئەوە بوو کە کەمیك تەعدیل کەمیك ئال و گۆرو لە یاساکانی دژ بە ژنی جمهوری ئیسلامی دا دروست بکەن زۆرتر ئەوانە روشنفکرانی شاری بوون کە لە بارەی یاسایی کاریان دەکرد بۆ نمونە مهرئەنگیزی کار، شیرینی عیبادی ئەوانەی کە دەیانهەویست یاساکانی جمهوری ئیسلامی کەمیك بگورن بو ئەوەی کە بە قازانجی ژنان بێت مەسەلەن کاری ئەوانە خەباتی ئەوانە سەبارەت بە تەلاقەوە کە ژن ماف تەلاقی هەبێت یا ژن بتوانی زورتر لە خەباتی سیاسی بەشداری بکات نوینەری پارلمان ببێت و لە هەلبژاردن دا بەشداری بکات یا ماف میرات و ئەوانە. ئەوانە هەر دو گروە بوون، مەبەست گروهی ئسلاح تەلەب هەم مەزهەبی بوون هەم غەیرە مەزهەبی. لە دەورەی سەرۆك کۆماری خاتەمی زۆر یارمەتی ئەو پروژەیە (دوەمی خورداد و پروژەی ریفورمی) دەولەتیان دەدا. وە ئەوان لەو سەردەمەدا بەهێز بوون. گروهێکی تریش کە من پیم وایە دەتوانین لە بزوتنەوەی ژنان ببینن ئەوەیە کە ژمارەیەك هەلسوراوی سەربە خۆی چەپن کە ژمارەیەك رەنگە پێشوتر چەپ بوبێتن یان کاری تەشکیلاتی و سازمانی چەپیان کرد دەبێ تەجروبەی ئەوەیشان هەبێت بەلام ئەمرو سەربە خۆیان کار دەکەن ئیشی ئەوانە زۆر بەسختی و دەسکەوتی کەم و لاوازە. لەم رووەوە ئەگەر چاوی لیبکەین بزوتنەوەی ژنان ئیران بەو مانایە کە تەشکیلاتی هاوبەش تەشکیلاتی سەراسەری تەشکیلاتی سەر بە خۆ تەشکیلاتی مەسەلەن سیاسی ئاوامان نییە. ژنانی ئیرانیش وەکو کوردستان هەڵبەت بەشکلی دیکەیەوە گەورەتر و موتەنەوع تر تەبدیل بوون بە ریکخراوەکانی ژنانی پرژوبلاو فەردی و بۆچونی تاك کە جارجار لە بەر گوشاری کۆمەلایەتی ژنان بەتایبەت نەسلی نوێی ژنان کە لە ژێر زەبرو زەنگی جمهوری ئیسلامی هیلاك بوون ئەوە دەبێ بە حەرەکەتی خۆی ریسکی کورت ماوە. مەسەلەن ئەوەیی کە هێندیك جار بۆ پشتیوانی لە بزوتنەوەی دانشجویی یان بزوتنەوەی کرێکاری یامەسەلەن پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی، روژنامە نگار و روشنبیری ئیسلامی دەگرن کە لە زیندان دا دەست بە سەریان دەکەن. لە ئاکام دا دەتوانم بلێم بزوتنەوەیەکی موتەشەکیل دیموکراتیك لە ئیران لە ئارا دا نییە.

**پ: ببورە شەهرزاد من قسەکەت پی دەبرم رەنگە لێرەدا دو بوچون ببێت لە بەینی من و تودا یان رەنگە یەك بو چون بێت، بەلام هەر کە سە بە شێوازی خۆی دەری بڕیٚ راستە بزوتنەوەی ژنان لە ئیران توشی سەرخوردەگی سەیرو عەجایەب بوە. جمهوری ئیسلامیش لە یەکەمین سالی هاتنە سەرکاری هێرشی کردەسەر ژنان و زۆر یاسا و داب و نەریتی دواکەوتوانەی بەسەردا سە پاندن بەلام کە سەرنجیکی ورد دەدەیتە ناو کومەلگا دەبینی کە بزوتنەوەی ژنانیش بێ دەنگ دانەنیشتوە تا هاتوە هەنگاوی هاوپشتوە هیندیك پیشرەوی کردوە بۆ نمونە رەنگە لە دەیەی 70 ژنان توانییتیان ئازادانە لە پارکی لالەی تاران مەراسمی 8ی مارس بگرن یا لە سینەمابەهمەنی تاران یان لە شارەکانی کوردستان رەنگە وەزعەکە تایبەتی تریش ببێت. من پیم وایە بزوتنەوەی ژنان توشی ئەو سەرخوردەگیەیە عەجایبەش نەبوە کە بچێتەوە نیو خۆیی، بەلام بە پیی لێکدانەوەیەك کە لە مەقتەعیکی زەمانی دیار کراوی هەبوە هێندیك حەرەکەتی کردوە وە فەرزەن ئەگەر دەبینی ژنان تەواو لە چکەکەیان لە سەر نانین ئیستا گوشەیەك لەسەریان دادەپوشن رەنگە ئەوە حەرەکەتیکی خود جوش نەبێ کە مەقتەعی ببێت رەنگە ئاستی خەبات و موبارزەی ژنان ئیستا بەو حەدە گەیشتبێ، نازانم تو ئەوە چون دەبینی؟**

و: من هەروەك باسم کرد بزوتنەوەی ژنان 27 ساڵە لە ئیران و خەباتی ئەوان خاموش نەبووە بۆ وێنە مەسەلەی حیجاب قەد چارەسەر نەبووە. قەد جمهوری ئیسلامی نەیتوانی مەسەلەی حیجاب لە ئیران چارەسەر بکات ئیمە دیاردەی حیجابمان هەیە دیاردەی بی حیجابمان هەیە دیاردەی بەد حیجابی مان هەیە تەنانەت بۆ سەرکوت، جمهوری ئیسلامی ئەوانەی تەبەقەبەندی کردوە ئەوە بو خۆی نیشانەی خەباتی ژنانە کە قەد ناناوەستێ شتیکی دیکەش ئەوەیەکە وەختیك چاو لەمەسەلەی ژنان لە ئیران دەکەین هەموو کەس پیی سەیرە ئەوەی کە ئەو هەمووە فشارە هەیە لە جیایی ژن و پیاو لەدەرس خویندن لە ئیش کردن لە بونیان لە بواری کۆمەلایەتی، دەبینن 60 دەرسەدی خویندکارەکانی زانکۆکانی ئیران ژنن لە زۆربەی رشتەکان، یانی دانشجوی خویندکاری ژن لە ئیران زورترە تا خویندکاری پیاو. یەکیکی تریش ئەوە کە دەبینن بە تایبەتی بۆ ئیش کردن بەشی خسوسی و سرویس ئەوانە زۆرتر ژنن کە دەیکەن، بەلام شی کردنەوەی جیاواز هەیە بۆ ئەوەی کە ئایا جمهوری ئیسلامی نەیدەتوانی ئەو جیایی کە پیی خوش بوو وەکو مەسەلەن عەرەبستانی سعودی بۆ ژن وپیاو لە ئیران دامەزرێ یان مەسەلەن وەکوو رژیمی تالەبان لە ئەفغانستان دامەزرێ بۆ نەیدەتوانی جمهوری ئیسلامی ئەو بەرنامەیە دابنێ ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ سەر بۆ چونی سەبارەت بە کۆمەڵگای ئیران. جمهوری ئیسلامی کاتێك هاتە سەرکار لە ئاخرەکانی دەیەی 70 میلادی توێژی مام ناوەندی شاری یەکی زۆر روشد کرا لە ئیراندا بوو، ئەوە ئەو توێژە نەبوو کەتۆ بتوانی سەرکوتی بکەی و بینێریەوە بۆ مال و بڵێن لە ماڵێ دانیش ئەوە هێزی تازەی کۆمەلایەتی بو کە بەگەشەی سەرمایەداری لە ئیران گەشەی کردبوو وە ئەو هێزە بو کە جمهوری ئیسلامی خۆی پێویستی پییبو بۆ پێك هاتەی نوێی کۆمەڵگای ئیران و بەرەوپیش بردنی ئابوری لە کۆمەڵگای ئیران. جیاوازی ئیران و ئەفغانستان لەوە دا بوو یان جیاوازی عەرەبستانی سعودی و ئیران لەوەدابوو ئەو هێزە تویژی مام ناوەندی شاری روناکبیرانی خوێندەوار کە داهاتویەکی مودیرن و پیشکەوتووی دەویست لە بەر ئەوە درێژەی ئەو ریبازی چینایەتی فکریە کە مەسەلەی 8ی مارس مەترەح دەکات لە بەر ئەوەشە کە جمهوری ئیسلامی کە چەند سالەی دوایی دا، دوای دەورانی سەرۆك کۆماری خاتەمی‌یە کە دەبینن ژنان موقاومەتی زۆرتر دەکەن و بە هەرجۆریك بێت بە هەر ختەریك بێت 8ی مارس جەژن دەگرن لە جیاتی ئەوە کە رۆژی لە دایك بوونی فاتمە جەژن بگرن چون لە ئیران بەرەسمی رۆژی لەدایك بوونی فاتمە رۆژی ژنە نەك رۆژی 8ی مارس. بەلام ژنان دەیانهەوێ خەباتی خۆیان نیشان بدەن لەنەزەری سومبلەوە ئەوە زۆر موهێمە رۆژی 8ی مارس جەژن بگرن. لە ئیران ناهێلن ژنان بچنە ئیستادیومی وەرزشی موبارزە دەکەن فشار دەهینن کە بچنە ستادیومی وەرزشی. کە ژنانیش لەوێ بەشدار بن. بەلام ئەوە دەگەریتەوە سەر خالێکی تر وە ئەوە ئەوەیە کە ئایا ئەو حەرەکەتانە تا ئیستا توانیویە یاساکانی دژی ژنی جمهوری ئیسلامی بگورێ. ئایا توانیویانە ئەو بۆ چونە دواکەوتوانەی پیاو سالاری مەزهەبی فئودالی سەرمایەداری کۆمەڵگای ئیران بگورن.

ئەو هەمووە خویندکار هەیە، دەتوانن کار بکەن و لە بواری کۆمەڵگایەتی و فەعالیەتی سیاسی بەشداربن بەلام ئەو پەیوەندی‌یە هەر وەك خۆی ماوە ئال گۆرێکی وای بە سەردانە هاتووە. من لە بەر ئەوە دلێم گۆرینی ئەوە پیویستێکی ئەساسی بو بە بزوتنەوەیەکی بەربلاو هەیە ئەوەیە بیروباوەری من.

**پ: بەڵێ شەهرزاد یەکیکی تر لە پرسیارەکانم ئەوەیە، با بزانین رای ئێوە سەبارەت بەو ریکخراوە N.G.O یانە چین کە لە ئیران و کوردستان پیك هاتوون وە کار بو مەسەلەکانی ژنان دەکەن؟**

و: لە ئیرانیش یەکجار N.G.Oی ژنانە هەیە لە کوردستانیش زۆر پەیدا بووە لە هەر شوێنیك مەسەلەن لە سنە، مەهاباد، مەریوان، سەردەشت، بوکان لە هەمووی ئەو شارانە ریکخراوەی ژنان دروست کراون بەلام ئەو جورەی کە من زانیاریم هەیە سەبارەت بە N.G.O کانی کوردستانی عیراق بو ئیران نیمە چون لیکولینەوەی دەقیقم نە کردوە. بەلام شتێك دەزانم ئەوەیش ئەوەیە کە ئەو جۆرەی کە من تیگەیشتوم ئەوانە پییان دەڵین N.G.Oی خۆ جیی. ئەویش نازانم فۆندی ئەوانە لە کوێ دێ و چ رێکخراوەیەکی دەرەوەی وڵات فۆند بەوان دەدات وە یا ئەوەی کە بەرنامەی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەوان چی‌یە بەلام من کە لە دەرەوەدا چاوی لێدەکەم هەر ئەو دیاردەی رێکخراوەکانی کوردستانی عیراق یانی بە ئیستلاح گرفتەکانی کۆمەلایەتی زۆرتر دێنە ئاراوە و لەوە زورتر نای بینم. بەلام بۆ وینە بانگەوازیکیان دەرکرد چەند مانگ لەوە پێش بۆ نارەزایەتی بو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئەوە بانگەوازێکی گشتی بوو هی ژنان و نزیکەی 13 گروهی ژنان ئەو بانگەوازەیان ئیمزا کرد کە من ئەگەر جوان لە بیرم بێ 5 یا 6 رێکخراوەی ژنانی کوردستان ئیمزایان کرد بو. من پێم وایە کە ئەوە حەرەکەتیکی زۆر باش بوو. حەرەکەتی بزوتنەوەیەکی گەورە لە ئیران بوو کە ژنانی کوردی ئیرانیش تێیدا بەشداریان کرد بوو. وەلی شتیك کە من بتوانم باسی بکەم ئەوەیە کە ئەگەر لەگەڵ کوردستانی عیراق بەراوردی بکەم بزوتنەوەی ژنانی ئیران دەستکەوتی فەرهەنگی و ئاموزشی یەکجار زۆرتری بوو بۆوێنە سەبارەت بە رۆژنامەنگاری لە باری گوڤارو شتی تر ئەوانەی کە تەرجومەیان دەکەن تەرجەمەی وتاری باشی تییدایە تەنانەت لیکولینەوە.لیکولینەوەیمیژویی،لیکولینەوەی کۆمەلایەتی سەبارەت بە ژنان کە دەیکەن شتی زۆر باش و تایبەتی تییدایە یەکێك لە شتە باشەکان مەسەلەن یاساکانی دژ بە ژنی جمهوری ئیسلامی وە ئەوەی کە قانونی ئەساسی ئیران دا هەیە یاسای رێکخراوی نەتەوەیە کگرتۆکان سەبارەت بە لە نە بوونی هەلاواردن سەبارەت بە ژنان چۆن ژێر پیی دەخات ئەوانە زۆر لێکولێنەوەی باشن کە لە ئیران دێتە دەرێ دوایی لە باری هونەر سەبارەت بە فیلم سەبارەت بە سینەما سەبارەت بە شانۆ سەبارەت بە موسیقی ئەوانە زۆر دەسکەوتێکی باشن و بە گشتی حوزوری نێونەتەوەیی ژنانی ئیران دابین دەکات. ئەوە بۆ خۆی دەسکەوتێکی زۆر باشە بەلام شێ کردنەوەی ئەوەی کە بوچی لە ئیران ئاوایە لە کوردستانی عیراق وانیە ئەوە دەگەریتەوە سەر ئەو جیاوازی‌یەی کە من بۆی دادەنیم ئەوەی کە پیی دەلیم ژنانیك کە دەولەتیان هەبێ هەرێمیان هەبێ وە ژنانیك کە دەولەتیان نەبێ و هەریمیان نەبێ. ژنی کوردستان دەولەتی نەبوو هەریمی خۆی نەبوو. ئەوە جیاوازی‌یەکی زۆر گەورەیە. ئەگەر بگەرینەوە سەر ئەوەی کە بۆ چونی سەبارەت بە بزوتنەوەوی ژنان لە ئیران لە داهاتودا چی لیی دێت؟ من پێم وایە هەروا کە باسم کرد لە 27ساڵی رابردوو گرینگ ترین هێزی کۆمەلایەتی ئێران. کە خەباتی خۆی ئیدامە دابێ لە هەموو بوارەکانی و لە ئاستی جۆراوجۆر دا ژنان بوون. مەسەلەی جیایی دین لە دەولەت داخوازیەکی زۆر عەدالەتخوازانە و دیموکراتیکە. ئەمن پێم وایە هێزی چەپ، رێکخراوەکانی چەپ تەشکیلاتی چەپ یەکجار کەم کاری‌یان کردوە. هێزی چەپ دەبێ مەسەلەی پیاو سالاری مەزهەبی فئودالی سەرمایەداری باش ئاشکرا بکات ئەوە گەورەترین ئەرکی فمنیستی چەپ ئەرکی فمنیستی سوسیالیستی مارکسیستی چەپە کە دەبێ بیکات. من پێم وایە هێزی چەپی ئیران زۆر کەم کاری کردوە وە بۆ خۆی لەو مەسەلەیەدا زۆر لە دوایە. من یەك رێگا دەبینم تەنانەت هێزی چەپ یەکگرتویەکیان هەبێت لە سەر مەسەلەیەکی دیاری کراو مەسەلەی ژنانە لە وێدا دەتوانن زۆر پیکەوە یارمەتی بدەن وە پلاتفورمیکی دیاری کراویان هەبێت پلاتفورمیك سەبارەت بە مەسەلەی ژنان لە ئیران دەبێ چۆن مەترەح بێت دەبێ چۆن خەباتی لە سەر بکەرێ ئەوە مەسەلەیەکی گرینگە.

**پ: شەهرزاد ماندونەبی تەوەری باسەکەمان دەگوزینەوە بۆ سەر مەسەلەیەکی تر بو خوشت دەزانی ئیمە لە سەردەمیکدا دەژین کە سیاسەتی نیئولیبرالی باڵی بەسەر هەموو دنیادا کێشاوە وە کلتور و فەرهەنگی تایبەت بە خۆشی هێناوەتە ئاراوە وە بێ گومان کاریگەری شی هەبوە لەسەر هەموو بزوتنەوە کومەلایەتیەکان بە بزوتنەوەی ژنانیشەوە. ئیوە وەك هەلسوراویکی بزوتنەوەی ژنان کە دەمیك سالە لەم بوارەدا کار دەکەن پێت وایە کاریگەرکانی نیئولیبرالیزم لەسەر بزوتنەوەی ژنان لە ئاستی دنیادا چون بوو وە و بۆ بەرامبەرکێ یا خود موقابلە لەگەڵ ئەو سیاسەتانە دەبێ بزوتنەوەی ژنان چی بکات؟**

و: باسی نیئولیبرالیزم باسیکە کە بۆ خۆی پەرەگرتنی بازاری جیهانیە وە تایبەتی کردنی ئەو بازارەیە ئەگەر بە کورتی باسی بکەم. ئەم سیستمە ئیدولۆژی خۆی هەیە ئیدئولوژیەکەش ئەوەیە کە لە ناو بردنی خەبات و

بزوتنــــەوە کۆمەڵایەتیــەکان کردنیــان بــە خــەباتی قــومی، فەرهــەنگی. دوشــتیکی جیــاواز خەریکـە دەچـێتە پێشـی یـەکیك ئەوەیە کە لە یەك لا ئیمە دەبینین کـە بـە پـروژەی نیئـولیبرالیزم و پەرەگرتنی ئەو بازارە، سەرمایە و کاپیتال لـە هـەموو شوینی خۆی دامـەزرێنی خـەڵك ئەسیر دەکات زوڵم وستەمی خۆی زۆر دەکات و بزوتنـەوەکان بەرتەسك دەکاتـەووە ئـەو دوشـێوەیە خەریکـە دەچـێتە پێشـــی کـــە ئـــەوە ئیدئولوژیەکەیـەتی. بە بروای من لیکولینـەوە لـە رێکخـراوەی ژنـان مەســـەلەی نئــــولیبرالیزم و ئیدئولوژیەکەی ئاشکرا دەکات وە من پێم وایە کە ئەو باسانەی کە کردومانە سەبارەت بە رێکخراوەی ژنانی کوردستان عیراق رێك ئەو پروژەیـە نیشـان دەدات وە ئـەوە زۆر گرینگـە کـە ئیمـە ئەوە ببینین وە ئەوە ئەو پروژەیە کە لە باری ئـابوری سیاسی نئولیبرالیزمە لـە بـاری ئیـدئولوژیکیش خسوسـی کـردن و چکولە کـردن و مەحدود کردنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی کانە.

**پ: شەهزاد تۆ کاریگەریـەکانی گلوبالیزاسیون لە سەر بزوتنەوەی ژنان چۆن دەبینن؟**

و: گلوبالیزاســیون بــۆ خــۆی پروژەیـەکی نئولیبرالیستیە، بـەڵام مـن دەمهـەوێ لێـرەدا شـێتکی تـر باس بکەم ئەوەش ئەوەیە کە من جــەهانی بـــوونی ســـەرمایە یاگلوبالیزاسـیون وەك مـەفهومیك چـاو لــێ دەکــەم کــە ســیمای قێزەونی ئەمپریالیزم دا دەپۆشێ، ئـەوە ئەمپریالیزمـە یـانی جـەهانی بوونی سەرمایە ئەمپریالیزمە.

مــن ئــاوای دەبیـنم مەســەلەن کارگر لە بوکان و مەهاباد وە دێن بـو کودســتانی عـیراق لـە بەشـی ساختمانی کار دەکـەن. مەسـەلەن سـەرمایەدارانی تـورك و فـارس و عەرەب وئەوانە دێن بو کوردستان وە بە راحتی لێرە سەرمایەگوزاری دەکـەن ئـەوە بـۆ خـۆی پـرۆژەی جەهانی بوونی سەرمایەیە. بەڵام پەیوەندی خەلکەکەی، هاتو چۆی خەلکەکەی پەیوەندی بزوتنـەوەی خەلکەکـەی سـنورو کۆسـپێکی گـەورەی لـە بـەر دەم دایـە یـانی ئەگەر سنورەکانی هەموو شوینی ولات بـو هـاتو چـۆی سـەرمایە روخــاوە و نــەماوە و ســەرمایە بەئاسـانی دەتـوانێ لـە هـەموو جیگـای جیهـان لـە جوڵـەدابێ وەختیـك دێتـە سـەر بزوتنـەوە وخەبات، لە دژی مەرز و حەدیکی زۆر تایبـەت دادەنـین. و بە دوای جــەریانی تیروریســتی 11ی سـیپتامبر یـەکێتی و هاوپشـتی نێـوان بزوتنـەوەکانی هـەروڵاتیك وەك: بزوتنەوەی ژنان یا کاریگەر یــا دانشـــجویان ئـــەوە لێـــك هەلپێکراوە. خەباتی دژی جەهانی بـــوونی ســـەرمایە (ئـــانتی گلوبالیزاســــیۆن) ئــــەوە بزوتنەوەیەکـە کـە جیهانیـەو زۆر گرینگـە، بـەڵام رەخنـەم لـە وانـە هەیە. چونکە ئەوانە زۆرتر خەباتە کـــەیان بـــۆ ئەوەیـــە کـــە ە پەیوەندییـەکانی سـەرمایەداری ریفـورم بکـەن. خـەباتیك نییـە لـە دژی کاپیتالیزم، خەباتیك نییە لە دژی سـەرمایەداری خـەباتیك نییـە لـە دژی ئـەمپریالیزم. مەسـەلەن لـە کانادا ئانتی گلوبالیزاسیۆن یان خــەباتی دژی جیهــانی بــوونی سەرمایە دەیهەوێ کە بەرژەوەندی کانادا بپارێزی. ئوروپا دەیهـەوێ بەرژەوەنـدی ئورپـایی بپـارێزی. ئامریکـا دیهـەوێ بەرژەوەنـدی ئامریکا مەسەلەن لە بەرانبـەر چین بپارێزی ئەوە نییە کە بزوتنەوەی ئەنترناسـیونالیزمی نیۆنەتـەوەیی لـە دژی سـەرمایەداری بێـت، ئەوە نییـــە کـــە بزوتنـــەوەی ئەنترناسیونالیســـتی لـــە دژی ئەمپریالیزم بێت.

**پ: ئایا ئەو زەرفیەتانەی هەیە کـە ببێـت بزوتنەوەیـەك لـە دژی تەواویەتی سەرمایەداری؟**

و: ئـەو زەرفیەتـەی هەیـە بـەڵام رابــەری دەوێ. رابــەری سیاســی دەوێ، رابەریــەکی ئیــدئولوژیکی سیاسـی چـەپی دەوێ کـە بتـوانێ بـەو ئاراسـتەیە دا بیبـات لـە بـەر ئـەوە کـە هێـزی دیموکراتیـك هـەر چەشنە بۆچونێکی فکری تیبدایـە هێـــزی لاوی زۆری تیبدایـــە وە زۆریـان پێـی خوشـە کـە بەشـداری بکـەن، بـەڵام بەشـکلی تەشـکیلاتی دیموکراتیکی سیاسی چەپ جەزب نـەبن. ئەوانـە بـە شـکلی N.G.O کـــان عەمـــەل دەکـــەن ئەســـلەن N.G.O هەیـە کـە کارەکـەی دژی ئانتی گلوبالیزاسیونە.

**پ: پێـت وایـە کـە بزوتنـەوەی کرێکـــاری و بزوتنـــەوەی ژنـــان دەتوانن هاو جیهەت لە سەر یەك ریگە حەرەکەت بکەن؟**

و: ئـەمن پـێم وایـە بزوتنـەوەی ژنــان ئەگــەر نــاتوانێ مەســەلەی چینایەتی مەسەلەی پیاو سالاری (مەسەلەی چین زۆر گرێنگە لە بەر ئـەوەی پەیوەنـدی بـە بزوتنـەوەی کرێکاری یەکجار لازمە و گرینگ). زەق کاتـەوە هـەر تەبدیل دەبێتـەوە بە رێکخراوەی ژنان کە حەرەکەتە کۆمەڵایـــەتێکان بـــەرەوریفورم دەبـات، بۆیـە پەیوەنـدی لەگـەڵ بزوتنـەوەی کرێکاریـە کە دەتـوانێ لـــە دژی ســـەرمایەداری بێـــت، پەیوەنـــدی لەگـــەڵ بزوتنـــەوەی کرێکاریـــە کـــە دەتـــوانێ لـــە دژی ئـەمپریالیزم بێـت بـەڵام پەیوەندی بزوتنـــەوەی کرێکـــاری لەگـــەڵ بزوتنـەوەی ژنانـە کـە دەتـوانێ لـە دژی پیـــاو ســـالاری بێـــت دژ بـــە مەزهـــەب بێـــت دژ بـــە ســـونەت و کلتـــوری دوا کـــەوتووی پیـــاو سالارانە بێت بەم جۆرە ئەو دوانە دەتـــوانن یـــەك تـــر بـــەهێز بکـــەن. بزوتنـــەوەی فمینســـتی دەتـــوانی روانگەی چینایەتی وەرگرێ دیدی سوسیالیســـتی وەرگـــرێ لـــە بزوتنــــەوەی سوسیالیســــتی و بزوتنـــــەوەی کرێکـــــاری وە بزوتنـــــەوەی کرێکـــــاری و سوسیالیســـتی دەتـــوانێ دیـــدی فمینستی دژ بە پیاو سالاری و دژ بـە مەزهـەب لـە خـەباتی ژنـان وەربگـرێ. مـن پـێم وایـە کـە ئـەو پەیوەنـدە یـەکجار گرینگـە تـا ئـەو دوانـە نـەبیت نـاکرێ بزوتنـەوەی سیاسی سەرکەوت بێت.

شـەهزاد سـپاس بـۆ بەشـداری کردنت لەم گفتگویەدا

سپاس بۆ ئیوەش

تێبینی: ئەم وتووێژە لە هاوینی رابردودا ئەنجام دراوە

***

# راپۆرتی بەڕێوە چوونی رێ ورەسمی رۆژی جیهانی دژایەتی لەگەڵهەژاری و توندوتیژی لە دژی ژنان لە تاران




ســـــەعات 12ی رۆژی 25ی رەزبەر ـ رۆژی جیهانی خەبات لە دژی هـەژاری ژمارەیـەکی زۆر لـە ژنــان کــە خوازیــاری دەربڕینــی هاوپشــتی خۆیــان لەگــەڵ ژنــانی هـەموو شـوێنەکانی جیهان بوون، بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ هەژاری و توندوتیــژی لـــە دژی ژنــان لـــە مەیــــدانی ئینقلابــــی تـــاران کۆبوونەوە.

ئــەو کۆبوونەوەیــە ســـەرەڕای هـــاتنی هێـــزی ئینتیزامـــی و ژمارەیـەك لـە کەسـانی ناسـراوبە لیبـاس شەخسـی، رێـك تـا کـاتی قـەراری پێشـوو واتـە سـەعات 8ی پاش نیوەڕۆ درێژەی کێشا.

لەسەر ئەو تراکتە جۆراوجۆرانە کـە بەدەسـت ژنانـەوە بـوو، ئـەو دروشمانــەی خـــوارەوە بەرچــاو دەکەوتن:

– ئەوڕۆ رۆژی جیهانی خەبات لـەدژی هەژارییـە ئێمـە ژنـان هـەر جـــۆرە توندوتیژییـــەك کــــە سەرچــاوەی لـــە هەژارییەوەیــە، مەحکوم دەکەین.

– ژنـان و منـداڵان قوربانیـانی دەستی هەژارین. لە نێو خەڵکەکە برۆشـوری وا بـڵاو کراویـەوە کـە تێیـدا بـاس لـە بنـەمای یاسـایی جیهانی ژنان بۆ مافی مرۆڤ کە لەسـەر پێـنج کۆڵەکـەی بەرابـەری– ئـازادی– عـەداڵـەت– هاوپشـتی و ئاشـــتی دامـــەزاروە، کـــراوە و خواستەکانی ژنانی لەمەڕ خەبات لەگـەڵ توندوتیـژی لـەدژی ژنـان و هەژارییـــــەکانی ئـــــەوانی خســـتۆتەڕوو. لــەو برۆشــورەدا راگەیـەندراوە کـە دەسـەڵاتی پیـاو سـالاری، سـەرمایەداری جیهـانی، گەشـەو پـەرەگرتنی بونیـاد گـەری، داگیر کردنی وڵاتەکان و شەڕ، ئـەو حکومەتانـەی کـە لـە رێزگـرتن لـە مـافی شـارۆمەندان خۆدەبـوێرن، شـیرکەتە فرەنـەتـەوەکان، ناوەنـدە ماڵیـــە نێونەتەوەیـیـــەکان و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان کە توانـای دامـەزرانـدنی ئاشـتی و سـەقامگرتوویی لـە جیهـان نییـە مەحکوومە.

ئەو برۆشورە هەروەها لـەنێوان ئەو رێبوارانـەی کە لـە پیادەڕۆی مەیدانی ئینقلاب تێدەپەڕین بڵاو کرایەوە.

ئەو ماشێنانەی کە لە شەقامەکە ئاموشـــۆیان دەکـــرد، هێواشـــتر دەڕۆیشتن و پلاکاردەکانی ژنان و نووسراوەکانی سەر ئەوانیان چاو لێدەکـرد. ئەوانــەش کــەوا بــەپێ لــەوێوە تێدەپــەڕین رادەوەســتان و لانیکـــەم دەیانپرســـی کــــە چ خەبــەرە؟ هــەموو بەگوڕوتینــەوە وەڵامیان پێ دەدانەوە و هەوڵیان دەدا ئــــەوان لــــەو حەرەکەتـــە جیهانییە ئاگادار بکەنەوە.

کەم کەم هێزی ئینتیزامی پەیدا دەبێـــت. بەشــــداربووانی کۆبوونەوەکــە وێــڕای ئەوەیکــە برۆشـــورەکانی خۆیــان بـــە مــەئمورەکانی هێــزی ئینتیزامــی دەدەن، بۆشیان شـیدەکەنەوە کە ئــەو کۆبوونەوەیــە دبــێ هــەتا ســـەعاتی 8ی پـــاش نێـــوەڕۆ درێژەی هەبێت.

ژنـــانی ئـــازادیخواز لـــەو کۆبوونەوەیــــەی خۆیـــــان دا خوازیـــاری ئــەو خاڵانــەی‌ژێرەوە بوون:

– پەیوەســـت بـــوون بـــە کۆنوانسیۆنی وەلانانی هەر جۆرە هـــەڵاواردنێك لـــەدژی ژنـــان و پـەیمانی نەهێشـتنی ئەشـکەنجە و بـەکردەوەدەرهێنانی بـێ ئـەم لاو ئـەولای پەسـەندکراوەکانی ئـەو پەیمانانە.

– بەرابــەر و یەکســان زانینــی ژنان و پیاوان بۆ بەهرەمەندبوون لـە تـەواوی مافـە کۆمەڵایـەتی و مەدەنی‌یەکان بە دوور لە نەتەوە، مەزهـــەب، بـــاوەڕ و چـــینی کۆمەڵایەتی.

– نەهێشـــتن و لابردنـــی هــەڵاواردن لــە مــافی نابەرابــەری ژنــان لــە تــەواوی یاسـا پەسـەند کراوەکان.

– لابردنــی هــەڵاواردنی جنســی لــە پێکهاتــەی دەســەڵات و یاســا دارِشتن.

– هەڵوەشاندنەوە و سڕینەوەی گرێبەســـــتە زاڵمانـــــەکانی ئیســـتخدامی کـــاتی کرێکـــاران، کارمەنـــــدان، پەرەســـــتاران، موعەللیمان و....

– تــەرخان کردنــی ئێعتبــار و بودجــە بــۆ پێڕاگەیشــتن بــە وەزعییـــەتی هـــەزاران ژنـــی سەرپەرەستی بنەماڵە.

# راگەیاندنی ژمارە دووی کومیتەی پشتگیری لە مانگرتنی کرێکاران

دوای بـەڕێوەبردنی کۆمـەڵی گشـتی(مجمع عمومی) رۆژی 23ی رەزبـەری 1384 کرێکارانی مانگرتووی کارخانەی نەساجی کوردستان، کرێکاران بە تێکرا بڕیاریان دا لە ئەگـەری پشت گوێ خستنی خواستەکانیان لـە رۆژی سێشـەممە 26 رەزبـەر هاوڕێ لەگـەڵ بنەماڵـەکانیان لـە بـەدەم ئوسـتانداری کۆبونـەوە وەرێ دەخـەن. لـە دوای ئاگـادار بـوونی بەرپرسـانی ئوسـتانی کوردستان لەم بڕیارەی کرێکاران لە لایەن ئیدارەی کار و معاونەتی سیاسی ئەمنییەتی ئوستانداریی‌یەوە بە کرێکاران راگەیێندرا کە لـە رۆژی چوارشـەممە کۆمیسـیۆنی کـار بـەڕێوە دەچـێ و بـە کێشـەی کرێکـاران رادەگـا. بـەم پێیـە کرێکاران لە کۆبوونەوەی رۆژی سێ شەممە پاشگەز بوونەوە.

کۆمیسیۆنی کار بە بەشداری معاونی سیاسی ئەمنییـەتی ئوستانداری و رئیسی گشتی حەراسەتی بونیـادی جانبازان، بەڕێوەبـەری گشـتی ئیدارەی کار، بەڕێوەبەری گشتی شیرکەت و بەڕێوە بـەری کارخانـە، نوێنـەری بیمـەی تــەئمینی ئیجتمــاعی، نوێنــەری هێــزی ئینتزامــی و نوێنــەری کرێکــاران پێکهات. لەو کۆبوونەوەیەدا مافی ڕا دەربڕین بە نوێنـەری کرێکاران نـەدرا و کۆمیسیۆن لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ مـانگرتنی کرێکارانی کارخانـەی نەسـاجی هەنـدێك بڕیاریـان دا کـە بـە ئیمـزای کۆمیسـیۆن گەیشـت و نوێنـەرانی کرێکاران لە ئیمزا کردنی خۆیان پاراست.

ناوەرۆکی پەسەندکراوی کۆمیسیۆن بەم جۆرەیە:

1_ مانگرتن و تەحەسونی کرێکاران نایاساییە.

2_ لە ئەگەری ئامادە نەبوونی کرێکـاران لـە رۆژی 28 رەزبـەر دا لـە سـەر کارەکانیان خاوەنکار دەتوانێ هێزی تازە جێگیرکا.

3_ هـەر جـۆرە کۆبونـەوەیـەکی کرێکـاران لـە دەرەوەی کارخانـە لـە لایـەن هێزەکانی ئینتزامییەوە سەرکوت دەکرێ.

4_ هێــزە ئەمنییەتییــەکان بەرپرســن لــە شناســایی و تــەحویل دانــی هاندەرانی مانگرتن بە ناوەندەکانی قەزایی.

5_ مافەکانی مـانگی رەزبـەر (کـە کرێکـاران لـە حـاڵی مـانگرتن دا بـوون) نادرێ و حەقی بیمە دەبێ خودی کرێکاران بیدەن.

6_ 32 کرێکاری ئیخراجی دەبێ تەعـەهودی رەسـمی بـدەن کـە لـە هـیچ جۆرە مانگرتنێك لە داهـاتوو دا بەشـداری نەکـەن تـا بتـوانن بگـەڕێنـەوە سـەر کارەکانیان.

7_ کرێکــاران دەبــێ 8 رۆژیــش لــە مــانگی خــەزەڵوەر کــار بکــەن تاحەقدەستی مانگی خەرمانانیان پێبدرێ.

8_ لە ئەمڕۆ بەدواوە هەر چەشنە داخوازییەکی کرێکاران دەبێ لە رێگای ناوەندە یاساییەکان و ئیدارەی کارەوە پەیگیری بکرێ.

دوای راگەیانـدنی پەسـەند کـراوی کۆمسـیۆن، کۆمـەڵی گشـتی(مجمع عمومی) کرێکاران لە رۆژی پێنج شەممە دا بەڕێو چوو و پەسەند کراوەکە بۆ کرێکاران شی کرایەوە.

کرێکــاران بــە رەدکردنــەوەی ئــەو پەســەندکراوە ناعادڵانــە و دژی کرێکارییە، تێکڕا بڕیاریان دا مانگرتن درێـژە پێبدەن و لە ئەگـەری قبوڵ نەکردنی داخوازییەکانیان، ناڕەزایەتییەکەیان دەکێشنە دەرەوەی کارخانە. لـەو نێوانـەدا رۆژی چوارشـەممە خاوەنکار دەستدەداتە فێڵ و تەڵەکەیـەکی نوێ و هێنـدێك لـە سەرپەرستان، بەسیجی و سـەر شیفتەکانی کارخانە بۆ شام بانگهێشت دەکا بۆ مێهمانسەرای شیرکەت بۆ خواردنی شام و داوایان لـێ دەکـا بـە جیـا دەزگاکـان رۆشـن کـەن تـا روحییـەی کرێکـاران دابـەزێ و یەکگرتووییەکـەیان تێکشـکێنن. تـا ئێسـتا کـە ئـەم نییەتـە نائینسـانییەی خاوەنکار بە ئاکام نەگەیشتووە، بەڵام نەدانی مافەکانی کرێکاران پـەرەی بە گرفتـەکانی بـەڕێوە چـوونی ژیانیـان داوە و کەوتونەتـە ژێـر گوشـار، بـەڵام کرێکـاران، ئـەم مانگرتنـە بـۆ درێـژەدان بە کارەکـەیان بـە چارەنوس ساز دەزانن و بە ورەیەکی بەرزەوە تاگەیشتن بە داخوازییە بەرحەقەکانیان درێژە بە مانگرتن دەدەن.

شـێوەی بـەرخوردی رژێـم بـەو مانگرتنـە، پـوچ بـوونی دروشمـە بـێ ناوەرۆکەکانی پەرە پێدانی عەداڵـەت و خۆشەویستی و نەهێشتنی هـەژاری دەوڵـەتی نوێ زیاتر لـە پێشوو دەردەخا و جارێکی تریش ئەو مەسـەلەیە دەسەلمێنێ کە ئەو دەوڵەتەش هەمان داب و نەریتی سەرکوتگەرانە و پڕ لـە خەفەقانی دەوڵـەتانی پێشوو درێـژە پێدەدا و پارێزەری بەرژەوەندییـەکانی سەرمایە دارانە.

**کومیتەی پشتگیری مانگرتنی کرێکاران**
**84/7/29**

پێشڕەو

پاشماوەی

# یاد و بیرەوەریی کرێکارە گیانبەختکردووەکانی مەعدەنی باب نیزو

حەکیمی بەر لە دەستپێکردنی قسەکانی خۆی، وێڕای ئاماژە بە کارشکێنی یەکانی "خانەی کارگەر" لە مەڕ دڵسارد کردنەوەی بنەماڵەکان بۆ بەشداری کردن لە ڕێ و ڕەسمی یادو بیرەوەری و هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ وەکیلە ئیحتمالی یەکانی خۆی لە تاران، باسی لە چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ 2کەس لە وەکیلەکان _ ئاغای محەممەدی شەریف و خانمی مەهشیدی مەحدود بۆ قەبوڵ کردنی وەکالەتی بنەماڵەکان کرد و ڕێز و پێزانینی خۆی پێشکەشی یەکێك لەو وەکیلانە، خانمی مەحدود کرد کە بە مەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکان بەشداری لەو کۆڕەدا کردبوو. دواتر یەکێك لە هەڵسوڕاوانی کارخانەی پارس خۆدرۆ (جێنێڕاڵ مۆتۆڕی پێشوو)، ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە ڕووداوەکانی کاری ئەو کارخانەیە و ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە لەم مانگانەی دوایی دا تووشی مەرگ، سەقەت بوونی ئەندام و دەست و پێ شکاوی بوون، پێشکەش کرد. لە کۆتاییش دا، مەنسووری ئەسانلو سەرۆکی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی تاران و دەوروبەر، وێڕای دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی کرێکارە گیانبەختکردووەکان، بە داخوازی کرێکارانی شیرکەتی واحید، موزاکرە و دانیشتن لەگەڵ مودیر عاملی شیرکەتی واحید و کاربەدەستەکانی ئینتزامی، وەدیهاتنی هەندێك لەو داخوازییانە، وەدواکەوتنی بانگەوازی سەندیکا لە مەڕ وەرنەگرتنی بلیت لەموسافرەکان بە هۆی نەهاتنەدی ئەو داخوازی یانە و بەکردەوە دەرهێنانی بە ئانقەست و نمادینی ئەو لە ڕۆژی 84/7/25، ئاماژەی کرد و ڕایگەیاند کە بە پێی بەراوەرد و لێکدانەوەکانی سەندیکا، لەو ڕۆژەدا 55٪ ڕانەندەکان بە بانگەوازەکانی سەندیکا وەڵامی موسبەتیان داوەتەوە لە دوای قسەکانی مەنسوری ئەسانلو، ڕێز لە ئامادە بوونی بەشدار بووان لەو کۆڕەدا گیرا و کۆتاییەکەی ڕاگەیەندرا.

شایانی باسە کە لەو کۆڕەدا بەشداری کردنی هەڵسوڕاوانی کرێکاری کارخانەکانی ئێران خۆدرۆ، سایپا، سازە گۆستەری سایپا، وەزنە، کارخانە بەرهەمهێنەرەکانی تاران، هەندێك لە نیروگاکان، هەڵسووڕاوانی کرێکاری گیلان، کرێکارانی شیرکەتی واحید و هەڵسووڕاوانی دانیشجویی و بزووتنەوەی ژنان بەرچاو بوو. هەروەها لە دەرەوە و ناوەوەی تالارەکە چەند پلاکاردێك بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەری مەعدەنچی یەکانی باب نیزو هەڵواسرابوون کە ئیمزای هەڵسووڕاوانی کرێکاری (سەنایعی ماشێن سازی) لەسەر بوو.

پاشماوەی

# بەرز و بەڕێز بێت ساڵوەگەڕی شۆڕشی ئۆکتۆبر

لە هەمان حاڵدا چینی کرێکاری ڕووسیە بە ڕادەیەك بەرژەوەندی مێژوویی خۆی دەناسی کە خۆی لە قەیدوبەندی دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی بۆرژاوزی ڕزگار بکات و ئامانجە مێژوویی یەکانی خۆی، بخاتە جێگای ئامانجەکانی بورژوازی.

ئەمەش شکستی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبرە، شکستێك کە پێ لە سەر ڕاستی و دروستی ئێئۆری مارکسیزم، پێویستی وشیار کردنەوەی لێبڕاوانەی تێئۆریك، پەروەردەو ڕاهێنانی بەردوەامی چینی کرێکار لە ئاست بەرژەوەندی چینایەتی مێژوویی خۆی بۆ بە گژدا چوونەوەی بەرژەوەندی یەکانی سەرجەم چینەکانی تر و پێکهێنانی حیزبی سەربەم چینە، دادەگرت.

هەشتاوهەشت ساڵ پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر ئەمڕۆکانە لاشەی گەندەڵی بورژوازی نێونەتەوەیی، بانگەوازی گۆڕ هەڵکەنانی خۆی لە سەرتاسەری جیهاندا دەکات.

بە هەر ڕادەیەك بورژوازی لە سەپاندنی هەژاری و برسێتی، ستەم و نەزانی بە سەر چینی کرێکاردا سەرە ڕۆیی دەکات، هەر بەو ڕادەیەش پێویستی شۆڕشی ئوکتۆبر و دووپات بوونەوەی مێژوویی ئەم شۆڕشە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا وەك تاکە ڕێگای کۆتایی هێنان بە مەینەت و کۆیلەتی دێتە ئاراوە، دووپات بوونەوەی سەرکەوتوانەی شۆڕشی ئۆکتۆبر، پێویستی بە پێداچوونەوە و ڕەخنەگرتن لە خاڵە لاوازەکانی و کەم کاری یە سەرەتایی یەکانی، وەك زنجیرە ڕەوتی ڕەخنە لە خۆ گرتنی بەردەوامی شۆڕشە کرێکاریەکانەوە، هەیە.

لە ساڵوەگەڕی شۆڕشی ئۆکتۆبردا، ڕێز لە یادو بیرەوەرییە بەرزەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبر دەگرین.

پاشماوەی

# کرێکارانی نەساجی کوردستان 40ڕۆژ مانگرتن و خەباتی سەرکەوتوانە

_ معاینەی دەورەیی بو تەواوی کرێکاران و دەرمان کردنی کرێکارانی نەخوش.

_ پاراستنی بێهداشتی شوێنی کار، پێکهێنانی حەفازەت و ئیمەنی بۆ دەزگاکان و پێکهێنانی ئیمکاناتی تەندروستی.

مانگرتنی 40 ڕۆژەی کرێکارانی نەساجی کوردستان بەشێك بوو لە خەبات و پیشڕەویی کرێکارانی ئێران لە دژی سەرمایەداران و خاوەنکاران کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو یاسا و دام و دەزگاکانیەوە داکۆکی یان لێ دەکا.

بڕیاری خاوەن کار بۆ لە سەرکار دەرکردنی کۆمەڵێك لە کرێکارانی نەساجی کوردستان و پشتیوانی دەوڵەت لەم بڕیارە دژی کرێکارییە دەبێ جارێکی تریش ئەم ڕاستی یەی بۆ هەموان دەرخستبێ کە هێرشی چینی دەسەلأتدار بۆ سەر مافە سیاسی، ئابووری و کۆمەلأیەتی یەکانی کرێکاران بێ پسانەوە و ڕاوستان درێژەی هەیە. دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد بە پێچەوانەی وەعدە و بەڵێنی یەکانی نەتەنیا هیچ زەخت و گوشارێکی لە سەر ژیان و بەڕێچوونی کرێکاران هەڵنەگرتوە بەڵکو سەرە ڕۆیانە تر لە جاران هێرشێکی بەرین و هەمە لایەنەی بۆ سەر سەرەتایی ترین مافەکانی کرێکاران دەست پێکردوە و لە هەوڵی ئەوەدایە کە خاوەن کار و سەرمایەداران لە مل کچ کردن بۆ هەر چەشنە قەید و بەندێکی یاسایی لە پەیوەندی نێوان کار و سەرمایە ڕزگار بکا تا بتوانێ کرێکاران هەرچی زیاتر بەرەو هەل و مەرجی کاری کۆیلەتی پاڵ پێوەنێن.

دیارە ئەم زیادە خوازی و هیرشە بەرینی سەرمایەداران بو سەر کار و ژیانی چینی کریکار بە وەلأم نەماوەتەوە. لە بەرانبەر دا کرێکاران هەولیان داوە با مانگرتن، ئیعتراز، ڕێپیوان و پشت بستن بە بریاری کوبونەوە گشتی یەکانیان، ئەم هیرشەی سەرمایەداران بەر پرچ بدەنەوە. کریکاران لە مەیدانی ئەم بەرانبەرکی یەدا ئەگەرچی زۆر جار و لە زۆر بواران دا توانیویانە پاشەکشە بە هیرشی سەرمایەداران بکەن بەلأم تا ئیستا نەیان توانیوە هیرشی بەرینی چینی سەرمایەدار و ڕژیمی ئیسلامی بۆ سەر کار و ژیان کرێکاران بەربەست کەن.

ئەگەرچی مانگرتن، ڕیپیوان و پشت بستن بە کوبونەوە گشتی یەکان چەك و ئامرازیکی زۆر گرینگن لە ڕەوتی خەباتی کرێکاران بو گەیشتن بە داخوازی یەکانیان، بەلأم ڕەمزی ئەوە کە بە کارهینانی ئەم ئامرازانەش نەیتوانیوە هیرشی بەرینی سەرمایەداران بەربەرست کا دەبی لەو واقعییەتە دا بدوزینەوە کە مانگرتنەکان و ئیعترازاتی کرێکاران زۆر بە پرشی و بلاوی، جیا جیا لە یەك و هەرجاری لە کارخانە، کارگاە و یا ناوەندەیکی بەرهەم هێنان دا چونەتە پیش، تەنیا لیك هەلپیکران و سەراسەری بۆ ئەوەی ئەم مانگرتن ئیعترازاتە لە ئاستیکی بەرینی کۆمەلأیەتی دایە کە دەتوانێ هیرشی وەحشیانەی سەرمایە داران بۆ سەر ئاستی بژیوی کرێکاران بەر بەست کا.

لە هەل و مەرجی ئیستا دا یەکیك لە پیش مەرجەکانی لیك هەلپیکران و سەراسەری بونەوەی ئیتعرازات و مانگرتنە کرێکاری یەکان پیك هێنانی ڕێکخراوە کرێکاری و جەماوەری یەکانی.

بزوتنەوەی کرێکاری لەو 2 سالەی دوایی دا پیشرەوی بەر چاوی کردوە. لە ناو جەرگەی خەبات و ئیعترازاتی ئەم سالانەی دوایی دا کۆمەلێك لە هەڵسوراوان و پیشرەوانی کرێکاری پروەردە بوون. متمانە بە خۆ و متمانە بە یەك تر لە ناو پێشرەوان و هەڵسوراوانی کرێکاری زیادی کردوە، ئەم هەڵسووراوانە کە ئەمرۆ لە ئاستی کارخانە و ناوەندە و شارەکای خۆی و بگرە لە ئاستی سەراسەریش ناسراون رویان هێناوەتە فەعالییەت و هەلسوورانی ئاشکرا و بە شیوەی عەلەنی بو هان دان و ڕێکخستن کرێکاران تی دەکوشن.

بی گۆمان کرێکارانی نەساجی کوردستان نەتەنیا ڕەوتی گشتی بزوتنەوەی کرێکاری ئیران جی نەماوەن بەلکو مانگرتنی 40 ڕۆژەی ئەوان نیشان دەدا کە لە ڕیزی پیشەوەی ئەم ڕەوتە قەراریان گرتوە. 40 ڕۆژ مانگرتن و تێك شکاندنی یەك لە دوای یەکی پیلانەکانی خاوەن کار و ڕژیمی ئیسلامی بە باشی لە هاتویی و زەرفییەت وتوانای یەکانی پیشرەوانی کرێکاری لەو ناوەندە نیشان دەدا.

لیرەدایە کە هەڵسوراوان و پێشرەوانی کرێکاری لە کارخانەی نەساجی کوردستان نەك هەر وەك چلون تا ئیستا کردویانە، لەسەر چونیتی بە سەرکەوتن گەیاندنی خەبات و مانگرتنەکەمان و پوچەل کردنەوەی بیلانی خاوەن کار و دەولەت قسە و باس بکەن، بەلکو لە سەر ئامانجە دریژ خایەن و ستراتژیکەکانی خەباتی دژی سەرمایەداری و جیگا و شوینی ریکخراوە جەماوەری یەکانی کرێکاری لە خەباتی دوا ڕۆژیان دا بە وردی قسە بکەن.

ئەمرۆ دەمیکە هەول و کوششە سەرەتایی یەکان بو فەراهەم کردنی زەمینەی بەرپا کردنی ڕێکخراوە جەماوەری یەکانی کرێکاری لە زوربەی شارەکانی کوردستان دەستی پێکردوە. پەیوەست بوونی چالاکانەی کرێکارانی نەساجی کوردستان بەو ڕەوتە سەرکەوتنی ئەم هەول و کوشش شانە مسۆگەرتر دەکا، و پێك هێنانی ڕێکخراوە جەماوەری یەکان لە ئاستی کوردستان دەتوانی هەنگاویکی زۆر گرێنگ بی لە پیناو بەرپا کردنی ڕێکخراوە چینایەتی و جەماوەری یەکان لە ئاستی سەراسەری دا.

پاشاوەی

# خۆپیشاندانی کرێکارانی "پوشینە بافت"ی قەزوین لە بەردەم ناوەندەکانی ڕژیم بەردەوام درێژەی هەیە

کرێکارانی کارخانەی "پوشینە بافت" پێشتریش چەند جار لە بەردەم ناوەندەکانی ڕژیم دەستیان دایە خۆپیشاندان. 300 کرێکاری شەریکەی پوشینە بافت ڕۆژی چوارشەممە 13ی ڕەزبەر لە بەردەم ئوستانداری قەزوین خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد. ئەمە چوارەمین خۆپێشاندانی کرێکارانی ئەم ناوەندە لە بەردەم ئوستانداری قەزوین بوو لە ماوەی 1 مانگ دا. کرێکارانی ئەم شەریکەیە ڕۆژی سێ شەممە 15ی خەرمانان جادەی شارۆچکەی پیشەسازی قەزوین یان بەست. دوا بە دوای ئەم کردەوە ناڕەزایەتیە هێزەکانی ئینتزامی ڕژیم بە مەبەستی چاوترسین کردنی کرێکاران دەست بە جێ لە شوێنی خۆپیشاندانی کرێکاران ئامادە بوون. هەروها سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە 12ی خەرمانانیش خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم فەرمانداری شارستانی ئەلبورز بەڕێوە برد. لە حالێك دا کە کرێکارانی شەریکەی پوشینە بافت دەیان جار خۆپیشاندانیان لە بەردەم ناوەندەکانی ڕژیم بەڕێوە بردووە، بەلأم تا کاتی ئامادە کردنی ئەم هەواڵە هێشتا هیچ هەوڵێك بۆ دانی مافەکانی 720 کرێکاری ئەم ناوەندە نەدراوە.

# مانگرتنی هەشت ڕۆژەی کرێکارانی شەریکەی پارسیلۆنی خورەم ئاباد

مانگرتن و خۆپیشاندانی کرێکارانی شەریکەی پارسیلۆنی خوڕەم ئاباد کە لە ڕۆژی دوشەممە 2ی خەزەڵوەرەوە دەستی پێ کردبوو ڕۆژی 10ی خەزەڵوەر هەروا درێژەی هەبوو. لە سەر کار دەرکردنی 72 کرێکاری خاوەن پێشینەی 7 تا 12 ساڵ کار، گوشار خستنە سەر 80 کرێکاری دیکەی ئەم شەریکەیە بۆ بەستنی قەراردادی 3 مانگە و نەبونی ئەمنیەتی پیشەیی لە هۆکارەکانی مانگرتنی کرێکارانی شەریکەی پارسیلۆن ڕاگەیەندران. کرێکارانی شەریکەی پارسیلۆن خوازیاری سەرلە نوێ گەڕانەوەی 72 کرێکاری لە سەر کار دەرکراو و ڕەسمی کردنی تەواوی کرێکارانی قەراردادین و ڕایانگەیاندوە تا کاتێك کە داواکاریەکانیان جێ بە جێ نەکرێت درێژە بە ناڕەزایەتیەکانی خۆیان دەدەن.

کومیتەی مانگرتوانی ڕستن و چنینی کوردستان:

## "نوێنەرانی ئێمە واتە کرێکارانی ڕستن و چنینی کوردستانیان بانگ کردوە بۆ ئیتلاعاتی سپا"

دوای کۆبونەوەی مەجمەعی عمومی کرێکارانی ڕستن و چنینی کوردستان لە سەر دانانی سندوق بۆ پشتیوانی کردن لە مانگرتن، کرێکارانی ڕستن و چنین 30 کەسیان بۆ بە دواداچونی ئەم سندوقانە هەڵبژارد. قسەوباس لە سەر چۆنیەتی سندوقی هاوپشتی لەگەڵ مانگرتن و پەسەند کردنی ئەو لە لایەن کرێکاران و هەڵبژاردنی 30 کەس لە کرێکاران، بەرپرسانی دەوڵەتی خستە جم و جوڵەوە. بڕیار بوو کە کرێکاران ڕۆژی هەینی لە تیمی چەند کەسی دا ئەم سندوقانە بەرنە گەڕەکەکان و ناوەندەکانی کۆبونەوەی خەڵك و یارمەتی خەڵك بۆ مانگرتن کۆبکەنەوە. ڕۆژی پێنج شەممە هێزەکانی ئیتلاعات بۆ پێشگیری کردن لەو کردەوەیە نوێنەرانی ئێمەیان بانگ کرد کاتێك کە زانیان نوێنەران نەچون بۆ ئیدارەی ئیتلاعات، خۆیان بە بێ جەوازێکی یاسایی نوێنەرانی ئێمەیان لە ماڵەکانی خۆیان دەسگیر کرد و بردیانن بۆ ئیتلاعات و

داوایان لە نوێنەران کرد کە سندوقی هاوپشتی لەگەڵ مانگرتن لە شاردا نە گێڕن لە بەر ئەوەی کە ئەوان ناچارن ئەم سندوقانە کۆبکەنەوە. هەروەها وەك هەمیشە هێندێك بەڵێنی پوچ و بێ ناوەرۆکیان دا بە نوینەرانی ئێمە و ڕایانگەیاند کە تا ڕۆژی یەك شەممە بە ویست و داخوازی یەکانتان ڕادەگەین و هەوڵ دەدەین کە ئێوە بە ویست و داخوازای یەکانتان بگەن.

کرێکاران ڕۆژی هەینی هەر لە بەرەبەیانی یەوە لە نێو شاردا بڵاوبونەوە و لەو شوێنانەی کە خەڵکی زیاتریان لێ بوو سەبارەت بە بارودۆخی کرێکاران و چارەنوسی مانگرتن بۆ خەڵك دوان و ڕایانگەیاندکە کەسێك وەڵامدەرەوەی ویست و داخوازی یەکانی کرێکاران نی یە. ئەم تیمە تەبلیغاتیانە لە شاردا بە خەڵکیان وت کە بەردەوام هەڕەشە لە نوێنەران و چالاکانی ئێمە دەکەن. وەڵامی ویست و داخوازی یەکانمان نادەنەوە، حەق دەستی مانگی ئێمەیان نەداوە. ڕایانگەیاند کە بڕیار بووە ئێمە ئەمڕۆ سندوقەکانی یارمەتی دان بە مانگرتن لە شاردا بگەڕێنین، بەڵام ئیتلاعات پێشگیری لێ کردوە... ئەم تیمە تەبیلغیانە لە هەر شوێنیکی شار بوون لە گەڵ پێشوازی گەرم و گوڕی خەڵك بەرەو ڕوو بونەوە.

کومیتەی مانگرتوانی ڕستن و چنینی کوردستان

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 213 Nov : 2005

## ڕاپۆرتی کۆڕی یاد و بیرەوەری کرێکارە گیانبەختکردووەکانی مەعدەنی باب نیزو

بەبانگهێشتی کومیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی تەشەککولی کرێکاری، ڕۆژی دوشەممە 84/7/25 لە سەعات 6 تا 8ی ئێوارە لە تالاری گوڵی سورخی تاران کۆڕێکی یاد و بیرەوەری بۆ ڕێزگرتن لە مەعدەنچی‌یە گیانبەختکردووەکانی زەرەندی کرمان بەڕێوە چوو. لەو کۆڕەدا سەرەتا لە میوانەکان پەزیرایی کرا. دواتر ئامادەبووان بۆ ڕێزگرتن لە کرێکارەگیانبەخت کردووەکان هەستانە سەرپێ و یەك دەقیقە بێ دەنگیان ڕاگرت. لە پاش ڕاگەیاندنی بەرنامەکە، بێهروزی خەبباز ئەندامی کومیتەی هاو ئاهەنگی بە کورتی باسی لە 2 سەفەری خۆی بۆ زەرەندی کرمان کردکە بۆ دەربڕینی هاوخەمی کومیتە لەگەڵ بنەماڵەی گیانبەختکردوان و بۆ بانگهێشت کردنی ئەوان بۆ بەشداری لەو کۆڕە ئەنجام درابوو.

دواتر بەشێك لە فیلمێك کە لە سەفەری دووهەمدا گیرابوو نمایش درا کە بە هۆی خستنەڕوو و نیشاندانی دەرد و مەینەتی‌یەکانی ژیانی مەعدەنچی‌یەکان لە زمان بنەماڵەکانیانەوە، هەندێك لە بەشدار بووانی بەتوندی خستە ژێر کاریگەری ئەو دیمەنە دڵتەزێنانەوە. لە پاشان موحسینی حەکیمی ئەندامی کومیتەی هاوئاهەنگی چەند قسەیەکی لە ژێر ناوی تاوتوێ کردنی کورتی ڕووداوی مەعدەنی باب نیزو و گەڵاڵە کردنی دوو "پێشنیار"، پێشکەش کرد. ل 7

## لە سالرۆژی شۆڕشی ئۆکتوبردا جیهان پیویستی بە شۆڕشیکی ئۆکتوبری دیکەیە

هەشتاوهەشت ساڵ لەمەوبەر، چینی کرێکاری ڕوسیە یەکەم ئاڵقەکانی زنجیری نیزامی جیهانی سەرمایەدارییان لە بەریەك هەڵتەکاند و بە ئاخێزی سەرکەوتوانەی خۆی، بەدامەزراندنی دەسەڵاتی چینایەتی خۆی، سەرمایەداران و چەوسێنەرانی جیهانیان هەژاند. بە شۆڕشی ئۆکتۆبر پاش سەدان و هەزاران ساڵ لە مێژوودا، لە ناوبردنی سەروەری کەمایەتیەکی چەوسێنەر، ڕزگاری کۆیلەکان و حکومەتی زۆرایەتی کۆمەڵگایان لە خەون و خەیاڵەوە گۆڕی بە ڕاستی‌یەکی مێژوویی و پرۆلتاریای جیهانی یەکەم سەرکەوتنیان لە ئاست لە ناوبردنی نیزامی سەرمایەداری و یەکگرتوویی سەرجەم کرێکاران لە دژی یەکێتی سەرمایەدارانی دوونیا بە دەست هێنا. سەرکەوتنی ئۆکتۆبر لە هەمان کاتیش دا دەور و نەقشی جیهانی ــ مێژوویی چینی کرێکاریان لە پێناو ڕزگاری چەوساوەکان و ستەم لێکراوان نیشان دا. ئاکامەکانی شۆڕش ئۆکتۆبر دەریخست کە پەل وپۆ هاویشتنی چەندین سەدە لە حاکمیەتی چەوسێنەرانە، لە ناوبردنی ستەمی میللی ورەگەزی، ستەم بەسەر ژناندا، ستەم و خوڕافاتی مەزهەبی و ئەو زوڵم و زۆرانەی کە تەنانەت دێموکراتیك ترین شورشەکانی بۆرژوازیش لە ئاست هەڵوەشاندنەوەیاندا لاواز بوە، تەنیا یەکێك لە بەرهەمە دەرەکیەکانی پێشکەوتنی پرۆلتاریا لە پێناو ڕزگار کردنی خۆی دایە.

ئەم کارە چۆن هاتە ئاراوە؟

بورژوازی جیهانی پاش ناکام مانەوەی لە دڕندانە ترین هەوڵەکانی بۆ لە ناوبردنی بە پەلەو خێرا و دڕندانەی شۆڕشی ئۆکتۆبر، وەك دیاردەیەکی بەرێکەوت و دانسقە و تەنیا وەك دیاردەیەکی ڕووسی لێکی دەدایەوە. بەڵام سەرکەوتنی ئۆکتۆبر لە ڕوانگەی پرۆلتاریاوە، سەرکەوتنی تیئۆری مارکسیستی، لێبڕاوی تیئۆریك و بروا بە سەرکەوتنی لە سەدە دژوار و ئاستەمەکانی پاش شکستی کۆمۆنی پاریس و پاش شکستی شۆڕشی 1905 و هەروەها سەرکەوتنی شۆڕشی بۆرژوایی فێوریەی 1917 یە. هەروەها لە ڕوانگەی پرۆلتاریاوە سەرکەوتنی ئۆکتۆبر، پێوانەی سەرکەوتنی حیزبایەتی و هەڵسووڕانی حیزبی لێبڕاوانەی پێشکەوتووترین مۆرەکانی چینی کرێکاری پشت ئەستور بە مارکسیسم لە ئاستەم ترین هەلومەرجدا وێڕای لە خۆ بردوویی و کارو زەحمەتی لێبڕاوانەیە. ئەگەر ئەم یەکەم سەرکەوتنە، سەرکەوتنی یەکجارەکی نەبوو، وە بورژوازی ڕووس ئەمڕۆکانە بە سەر وێرانەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبردا دەسەلاتی هەیە، بەر لە هەر شتێك بە هۆی ئاکامی حیزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاری ڕوسیە و زاڵ بوونی زۆرایەتی بۆرژوایی بە سەر ئەودا بوو. چینی کرێکاری ڕوسیە بە ڕادەیەك بەرژەوەندی چینایەتی خۆی دەناسی کە ملکەچی دەسەلاتی سیاسی بۆرژوازی نەبێ و لە دژی ڕاپەڕێ، ئەوە ئاکامی سەرکەوتنی ئۆکتۆبرە. ل7



## کرێکارانی نەساجی کوردستان 40ڕۆژ مانگرتن و خەباتی سەرکەوتوانە

کرێکارانی نەساجی کوردستان دوای 40 ڕۆژ مانگرتن بە پشت بستن بە یەکگرتویی و خەباتی لێبڕاوانەی خۆیان تا ئێستا توانیوانە هەموو دژ کردەوە و پیلانەکانی دەولەت و خاوەنکار، دەزگای ئیتلاعات و ئیدارەی کار و خانەی کارگەری ڕژیم سەرکەوتوانە پوچەڵ کەنەوە و بوگەیشتن بە هەموو داخوازی‌یەکانی خۆیان هەر وا بە خەبات و مانگرتنی خۆیان دریژە بدەن.

کرێکارانی کارخانەی نەساجی کوردستان کە لە ناڕەزایەتی و ئیعترازی بە لە سەر کار دەرکردنی کۆمەڵیك لە کرێکاران ئەم ناوەندە لە ڕێکەوتی 2ی ڕەزبەر دەستیان دایە مانگرتن، هەر لە یەکەم هەنگاوەکانی خەباتی ئەم دەورەی خۆیان کۆمەڵێك داخوازی‌یان نایە بەر دەم خاوەنکار و کاربەدەستانی دەوڵەت، کە بریتین لە:

_ بەکردەوە دەرهێنانی گەڵاڵەی تەبەقەبەندی مەشاغل و دانی، مابە تەفاوەتی گەڵاڵەکە بە سەرجەم کرێکاران

_ هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە قەراردادێکی نایاسایی کە لە لایەن خاوەنکارەوە نوسراوە و بەستنی قەراردادی دایم.

_ دانی حەقی چونە سەرەوەی ڕادەی بەرهەمهێنان لەو ساڵ و مانگانەی دا کە دواخراوان.

_ دانەوەی 18 میلیۆن تمەن سەرمایەی کریکاران لە تەعاونی ئیعتبار کە مودیری ئیدارەی مالی ماوەی سالێکە هەڵیگرتوە.

_ معاینەی .....

ل7

## خۆپیشاندانی کرێکارانی "پوشینەبافت"ی قەزوین لە بەردەم ناوەندەکانی ڕژیم بەردەوام درێژەی هەیە




ژمارەیەك لە کرێکارانی شەریکەی پوشینە بافت ڕۆژی دوشەممە 9ی خەزەلوەر لە ناڕەزایەتی بە نەدرانی حەقدەست و مەزایای وەدواخراوی خۆیان و هەروەها بە کردەوە دەرنەهاتنی بەڵێنەکانی بەرپرسانی ڕژیم و خاوەنکاران لە بەردەم ئوستانداری قەزوین خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد. دوابەدوای دانی شەریکەی پوشینەبافت بە کەرتی تایبەت(بەشی خوسوسی) خاوەنکارانی ئەم شەریکەیە 8 مانگە حەقدەست و مەزایای 720 کرێکاری ئەم شەریکەیەیان نەداوە. کرێکارانی بەشدار لەم خۆپیشاندانە وێڕای دانی دروشم خوازیاری دانی مافەکانی وەدواخراوی خۆیان و سەرلەنوێ گەڕانەوەی ئەم شەریکەیە بۆ بەشی دەوڵەتی بوون.

کرێکارانی کارخانەی .... ل7

### پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی

کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی

حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

### ئێدیتۆر:

ئیبراهیم عەلیزادە

### کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

Add: Sulimania _ Zerguez

Tel:
00447077520781
00447077567855

Fax: 00447043129273

E-Mali:
Komalah@komalah.org

### دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

C.D.C.R.I
BOX 70445
10725 Stockholm _ Sweden
Tel/Fax: 4608868054

E-Mail: cpi@cpiran.org

### ئینترنت:

www.komalah.org
www.radiokomaleh.com
www.cpiran.org

### نوینەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عیراق

Add:
Sulimania _ Rezgary
Tel:
3124760 _ 3125815

E-mail:
Komalah@hotmail.com

### نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات

K. K
P. O. Box 75026
Box: 75026
Uppsala - Sweden
Tel/Fax:
4618468493
E-Mail:
komala@cpiran.org

### دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران:

شەوانە: 21 تا 22 ــــ جومعە بەیانیان 8 تا 9

شە پۆلی کورت 75، 65 و 49 میتر

### دەنگی شۆڕشی ئیران (ڕادیۆ کۆمەڵە):

نیوەڕۆ: 13 تا 14 ئێواران: 19 تا 20

شەوانە: 22 تا 22/30

شەپۆلی کۆرت ڕەدیفەکانی:

75میتر بەرابەر بە 3880 کیلۆهێرتز

65 میتر بەرابەر بە 4380 کیلۆهێرتز

49 میتر بەرابەر بە 6420 کیلۆهێرتز